# شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی لە ڕوانگەی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێوە

د.دانا عەلی ساڵح بەرزنجی* م.کارزان عومەر عەلی**

وشە کلیلییەکان: قوتابخانەی ڕیالیزم، تیۆر، ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ، سیاسەتی دەرەوە، جەنگ و ئاشتی، ململانێی نێودەوڵەتی
https://doi.org/10.31271/jopss.10059

**پوختە**

تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ، وەك مۆدێلێکی سەر بە قوتابخانەی ڕیالیزم، خاوەنی دیدگایەکی تایبەتە بە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت. بنەما و گریمانە تیۆرییەکانی جێگەی سەرنجە لەبەرئەوەی تاڕادەیەکی زۆر ئاسانکاری دەکات بۆ توێژەران لەبارەی چۆنێتی شیکردنەوەی شێوازەکانی وەرگرتنی بڕیاری سیاسەتی دەرەکی. سەرنجڕاکێشی بنەما تیۆرییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم تیۆرە بەرئەنجامی گەشەپێدانی مۆدێلە تیۆرییەکانی پێش خۆیەتی لە نموونەی ڕیالیزمی کلاسیك و ڕیالیزمی نوێ. تیۆریستەکانی ئەم مۆدێلە، بۆ داڕشتنی گریمانەی تیۆریی نوێ، سوودیان لە گریمانە تیۆرییەکانی پێش خۆیان وەرگرتووە بەشێوەیەك بۆ شیکردنەوەی گۆڕاوە ناوخۆییەکان سوودیان لە مۆدێلی ڕیالیزمی کلاسیك وەرگرتووە و بۆ شیکردنەوەی گۆڕاوە سیستەمییەکان سوودیان لە ڕیالیزمی نوێ وەرگرتووە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بە ئامانجی خستنەڕووی بنەما و گریمانە تیۆرییەکانی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ لەڕێگەی خستنەڕووی گرنگترین گۆڕاوە سیستەمی و ناوەندییەکانەوە کە ئەم تیۆرە کاری لەسەر دەکات. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە توێژەران، پاڵپشت بە سەرچاوەی ڕەسەن لەسەر بابەتەکە، شیکارییەکی وردیان بۆ گریمانە و تێفکرینەکان کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆك و میتۆدی بەراوردکاری وەرگیراوە. لە دەرئەنجامیشدا، توێژەران گەیشتوونەتە ئەوەی کە دەتوانرێت تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ لە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت سوودی لێوەربگیرێت چونکە ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر خوێندنەوە و شیکردنەوە بۆ سیاسەتی دەرەکی دەکات. تیۆرێکە لە سێ ڕەهەندی جیاوازەوە دەڕوانێتە سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت بەتەنها خۆی نەبەستووەتەوە بە یەك ڕەهەندی شیکردنەوەوە.

---

* پرۆفیسۆر لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەشی زانستە ڕامیارییەکان، کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی dana.salih@univsul.edu.iq

** خوێندکاری دکتۆرا لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی Karzan.muhammed@univsul.edu.iq

**ملخص**

**تحليل السياسة الخارجية من منظور نظرية الواقعية الكلاسيكية الجديدة**

الواقعية الكلاسيكية الجديدة، كنموذج نظري تنتمي فكريا إلى مدرسة الواقعية، لها رؤيتها الخاصة حول تحليل السياسة الخارجية للدولة، افتراضاتها محل اهتمام للباحثين لأنها تبسط للباحثين كيفية تحليلهم للأنماط المختلفة لصنع القرار في السياسة الخارجية، وما يجذب هذا النموذج النظري هو كونه تطويرا للنماذج النظرية السابقة مثل الواقعية الكلاسيكية والواقعية الجديدة أو الواقعية البنيوية. وهذا البحث هو جهد علمي من أجل تقديم وشرح المتغيرات النظرية والمتداخلة التي تعمل عليها نظرية الواقعية الكلاسيكية الجديدة. وتكمن أهمية هذا البحث في أن الباحثان قدما شرحًا دقيقًا للافتراضات المختلفة للنظرية من خلال استخدام المصادر الأصلية ، ولهذا الغرض إستفاد الباحثان من المقارنة وكذلك طرقية تحليل المحتوى. وفي الختام، استنتج الباحثان أن نظرية الواقعية الكلاسيكية الجديدة لها افتراضات نظرية قوية لتحليل السياسة الخارجية للدولة لأنه كنموذج النظري يشرح السياسة الخارجية من مستويين مختلفين من التحليل وهما العوامل الداخلية والخارجية، بينما تركز النظرية الكلاسيكية على القضايا الداخلية، وتركز الواقعية الجديدة على العوامل النظامية أو البنائية.

**Abstract:**

**Foreign Policy Analysis from the Perspective of Neoclassical Realism**

Neoclassical realism as a theoretical model belongs to the Realism School of Thought. It has its own vision about the state's foreign policy analysis. This model's assumption is interesting for scholars because it simplifies for the researchers in terms of how they analyze the different types of foreign policy decision-making. This model also is a result of its previous models in the same school such as classical realism and neorealism or structural realism. This work is a scientific effort for the sake of depicting the basic ideas behind the theory by showing and explaining the systemic and intervening variables on which this theory is working on them. The importance of this research is: the writer through using the original sources has made a precise explanation for the different assumptions of the theory, for this purpose, the study takes benefits from the comparison as well as the content analysis methods. In conclusion, the author concludes that Neoclassical realism theory has powerful theoretical assumptions for analyzing the state's foreign policy because this model from two different levels of analysis is explaining foreign policy, internal and external factors, while the classical theory focuses on the internal issues, the neorealism focuses on the systemic factors.

# پێشەکی

تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ تیۆرێکی تایبەتە بە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت. سیاسەتی دەرەکی بۆ توێژەران و تیۆریستانی بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی بەگشتی وتوێژەرانی بواری سیاسەتی دەرەکی بەتایبەتی جێگەی لێوردبوونەوەیە. کرۆکی گفتوگۆکان لەنێوانی ئەم توێژەرانەدا لەچوارچێوەی کۆمەڵێك گریمانەدا دەسووڕێتەوە، گرنگترینیان بریتییە لەوەی ئایا کاریگەری فاکتەری ناوخۆیی یاخود سیاسەتی ناوخۆیی لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت هەیە یاخود نییە. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چەند مۆدێلێکی تیۆری بوونیان هەیە لەچوارچێوەی قوتابخانەی ڕیالیزمدا.

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە خولانەوەیە لەناو بازنەی قوتابخانەی تیۆری ڕیالیزم، بەڵام لەبەرئەوەی بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ، لەبەرئەوە، توێژینەوەکە جەختی لەسەرگریمانە تیۆرییەکانی ئەم مۆدێلە کردووە. سەرنجڕاکێشی ئەم تیۆرە لەوەدایە کە فرە ئاستە لە شیکردنەوەی سەرچاوەکانی بڕیاروەرگرتن لە سیاسەتی دەرەکی دەوڵـەتان، هەروەك فاکتەر و گۆڕاوە جیاوازە کارتێکەرەکانی سەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتان ڕوون دەکاتەوە.

**گرنگی** توێژینەوەکە لەوەدایە کە بە ڕشتەیەکی تیۆری توندوتۆڵ شیکاری سیاسەتی دەرەکی دەخاتەڕوو بە پشتبەستن بە سەرەکیترین بنەما و گریمانە تیۆرییەکان لەسەرچاوەی ڕەسەنەوە، واتا توێژەرانی دیاری سەر بە مۆدێلە دیاریکراوەکە. **ئامانجی** توێژینەوەکە لەڕووی زانستییەوە بریتییە لە ئامادەکردنی بناغەیەکی تیۆری گرنگ لە بابەتێکی زانستی دەگمەن لە کتێبخانەی کوردیدا بۆ بەردەستی توێژەران و خوێندکارانی زانستی ڕامیاری بەگشتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی. لەڕووی پراکتیکەوە، هەوڵێکە بۆ ئاشناکردنی بڕیاربەدەستان بە پێگەو سەنگ و کاریگەری فاکتەرە ناوخۆیی، سیستەمی و ناوەندییەکان لەداڕشتنی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتاندا بە سوود وەرگرتن لە تێزە گرنگەکانی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ لەوبارەیەوە.

کرۆکی توێژینەوەکە بەدوای وەڵامی **پرسیارێکی** سەرەکیدا دەگەڕێت بەوەی کە ئایا تێزەکانی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ بەراورد بە مۆدێلە سەرەکییەکانی دیکەی ڕیالیزم دەتوانن شیکارییەکی تێروتەسەل بۆ سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت و پاڵنەرەکانی پێشکەش بکەن ئەمەش لەمیانەی وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا فاکتەرە ناوخۆییەکانیش، لەپاڵ فاکتەری دەرەکیدا، کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەکی دروست دەکەن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە کار لەسەر **گریمانەیەك** کراوە، کە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە شیکاری سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت لەڕوانگەی بنەما تیۆرییەکانی ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ دەرئەنجامی خوازراو دەدات بەدەستەوە بەراورد بە مۆدێلە سەرەکییەکانی دیکەی تیۆری ڕیالیزم بەوپێیەی کە لەپاڵ گۆڕاوە دەرەکییەکاندا گۆڕاوە ناوخۆییەکانیش بەهەند وەردەگرێت.

توێژینەوەکە سوودی لە دوو **میتۆدی** زانستی وەرگرتووە. یەك، میتۆدی شیکاری ناوەڕۆك. توێژەران هەوڵیانداوە خوێندنەوە بۆ ناوەڕۆکی سەرەکیترین گریمانە تیۆرییەکانی ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ بکەن ئەویش لەڕێگەی خستنەڕوو هەروەها شیکردنەوەی تێگەیشتنەکانی بیرمەندە سەرەکییەکانی ئەم مۆدێلە تیۆرییە. دوو، میتۆدی بەراوردکاری، کە لەهەندێك شوێنی توێژینەوەکەدا، توێژەران بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە بەراوردی هەر سێ مۆدێلی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیك،

ڕیالیزمی نوێ لەگەل ڕیالیزمی كلاسیكی نوێیان كردووە.

سەبارەت بە **توێژینەوەكانی پێشوو**، چەندین توێژینەوە هەیە؛ دیاترینیان: **یەك**: هەردوو توێژەر "بالكان دێڤلێن وئۆزگور ئۆزدەمارBalkan Devlen & Ozgur Ozdamar"، لەتوێژنەوەیەكیاندا بەناونیشانی "ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ و قەیرانی سیاسەتی دەرەكی Neoclassical Realism and Foreign Policy Crises"، كە ساڵی (٢٠٠٩) لە زانكۆی جۆن هۆپكینز بڵاوكراوەتەوە، تیایدا توێژەران، پاڵپشت بە میتۆدی شیكاری ناوەڕۆك، زۆرتر گرنگییان بە گۆڕاوی ڕۆڵی سەركردە لەسەر سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت داوە و گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی كە تیۆری ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ پاڵپشت بە گۆڕاوی ڕۆڵی سەركردە دەتوانێت شرۆڤەیەكی بەهێزی سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت بكات. **دوو**: **توێژەر** "مێنتۆر بێكا- Mentor Beqa لەمیانەی توێژینەوەیەكیدا بە ناونیشانی "ڕیالیزی كلاسیكی نوێ: گریمانەكانی و سنوورەكانی كاركردنی وەك تیۆرێكی سیاسەتی دەرەكی Neoclassicals Realism: its Promises and Limits as a Theory of Foreign Policy"، كە لە گۆڤاری توێژینەوەی ئەكادیمی ئەورویی لە ساڵی (٢٠١٩) بڵاوی كردووەتەوە، پاڵپشت بە میتۆدی بەراوردكاری، كاری لەسەر گریمانە سەرەكییەكانی ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ كردووەو گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی كە "جیاوازییەكانی ئەم تیۆرە و تیۆری ڕیالیزمی نوێ ڕوون نییە، زۆر قورسە هەندێك ڕاستی چاوەڕواننەكراو لەنێوانیاندا بدۆزینەوە، سەرەڕای ئەوەی كە تیۆری ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ، وەك چوارچێوەیەك بۆ شیكاری سیاسەتی دەرەكی، بەرەوپێشوونێكی زۆرباش لەخۆدەگرێت". هەروەها پێی وایە كە ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ تیۆرێكی نوێ نییە بۆ سیاسەتی دەرەكی، بەڵكو تەنها بەرەوپێشبردنێكی ڕیالیزمی نوێیە.

**سەرباری ئەم توێژینەوەیە بۆ بابەتەكە**: لەم توێژینەوەیەدا، توێژەران بە شێوەیەكی زۆرباش ڕۆچوونەتە ناو دید و تێزەكانی هەندێك لە بیرمەندە ڕەسەنەكانی مۆدێلی ڕیالیزمی كلاسی نوێ لەرێگەی خوێندنەوە بۆ گرنگترین نووسینەكانیان پەیوەست بە تیۆری ڕیالیزمی كلاسیكی نوێیەوە. لەلایەكی دیكەوە، پاڵپشت بە هەردوو میتۆدی شیكاری ناوەڕۆك و میتۆدی بەراوردكاری، توێژنەوەكە تاڕادەیەكی زۆرباش كاری لەسەر ناساندن و شیكردنەوەی سەرەكیترین ئەو گۆڕاوانە كردووە كە ئامرازن بۆ شیكردنەوەی سیاسەتی دەرەكی دەوڵـەت. هەوڵیداوە دیدگای تیۆری گۆڕاوەكان ڕوونبكاتەوە لەرێگەی خستنەڕووی سەرەكیترین تێزەكانیان لەبارەی سیاسەتی دەرەكییەوە كە دەكرێت وەك هەوڵێكی ئەكادیمی سەرەتایی بۆ نێو ئەدەبیاتی كوردی هەژمار بكرێت.

**پەیكەری** توێژینەوەكە، سەرەڕای پێشەكی، گرفت، گریمانەو میتۆد، بۆ **دوو باسی** سەرەكی دابەشكراوە. لە **باسی یەكەمی** توێژینەوەكەدا دوای خستنەڕووی سەرەكیترین گریمانە تیۆرییەكانی قوتابخانەی ڕیالیزم، سەرەكیترین بنەما تیۆرییەكانی ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ شیكردنەوە بۆ كراوە، دواتر خستنەڕووی بیروبۆچوونی بیرمەندانی سەر بەم مۆدێلە. هەرچی **باسی دووەمە** تیشك دەخاتە سەر سەرەكیترین ئەو گۆڕاوانەی كە ڕۆڵێكی سەرەكی دەبینن لە شیكردنەوە و شرۆڤەكردنی سەرەكیترین گریمانەكانی تایبەت بە تیۆری ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ وەك مۆدێلێكی تایبەت بە سیاسەتی دەرەكی.

# باسی یەکەم

## تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ وەک مۆدێلێکی سەرەکی نێو قوتابخانەی ڕیالیزم

لەم باسەدا هەوڵدەدەین لە سێ پاری سەربەخۆدا بابەتەکەمان بخەینەڕوو. لە پاری یەکەمدا، پوختەیەك لە بنەما تیۆرییە سەرەکییەکانی قوتابخانەی تیۆری ڕیالیستی دەخەینەڕوو. لە پاری دووەمدا تیشك دەخەینە سەر بنەما تیۆرییەکانی ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ، لە پاری سێهەمدا، تیشك دەخەینە سەر دیارترین بیرمەندانی مۆدێلی ریالیزمی کلاسیکی نوێ.

### پاری یەکەم:

### قوتابخانەی ڕیالیزم: بنەما سەرەکییەکان

لەدیمانەیەکدا، توێژەری بەریتانی "ستیڤ سمیس Steve Smith" وێنایەکی زۆرجوانی تیۆرمان بۆ دەکات لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەو سیستەمی نێودەوڵەتی بە وێنەیەك دەچوێنێت کە تیایدا ڕووداو و دیاردەکان، کاروکاردانەوەکان بوونیان هەیە. لەڕوانگەی ئەم توێژەرەوە تیۆرەکان فرەچەشنەن، هەریەکێکیان بەشێوەیەك لە وێنەکە دەڕوانن، خوێندنەوەی جیاوازیان هەیە بۆ ڕووداو و دیاردەکانی ناو وێنەکە، بێگومان هەریەکێکیان ئامرازی جیاوازیشیان هەیە بۆ سەرنج و شرۆڤەکانیان.

تیۆری ڕیالیزم لە چەند ئاڕاستە و مۆدێلێکی جیاواز پێکهاتووە کە لەمیانەیدا ژمارەیەکی زۆر لە تیۆریست دیدی فرەچەشنیان پیشانداوە[1]. تێزەکانی تیۆری ڕیالیزم هەمیشە باڵادەستبوون لەبارەی شێواز و هونەری حکومڕانێتی و چۆنێتی پارێزگاریکردن لەمانەوەی خود لە دۆخی سروشتیدا هەروەك تۆماس هۆبز ئاماژەی بۆ کردوە. دۆخی سروشتی دۆخێکە کە هیچ کەسێك دۆستی کەسێکی دیکە نییە و هەموان لەجەنگێکدان دژی یەکدی و لەمیانەی ئەم دۆخە سروشتیەدا مانەوە ئامانجێکی پلە باڵایە. مۆدێلی ڕیالیزم مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (سیۆسیدیدێس) مێژوونووسی جەنگەکانی پلۆپۆنیزی و لۆژیکی سیاسەتی هێز، ئاماژەی بەوە کردووە کە "بەهێزەکان ئەوە دەکەن کە دەخوازن ئەنجامی بدەن، لاوازەکانیش ئازار دەچێژن کە پێویستە بیچێژن"[2]. زۆربەی تیۆریستانی ڕیالیستی وەڵامێکی ڕاستەوخۆیان پێیە سەبارەت بە کێشەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی، کە خۆی دەبینێتەوە لە نەبوونی دەسەڵاتێکی مەرکەزی کاریگەر بەرانبەر بە سیستەمێکی هیرارکی لە چوارچێوەی حکومەتەکاندا کە بەرگری لە سنوورەکانیان دەکەن. لەڕێگەی سەپاندنی یاساکان و پارێزگاریکردن لە هاوڵاتیانیان کارێك دەکەن کەوا سیاسەتی ناوخۆیی زۆرتر سەقامگیربێت و لەڕووی جۆرێتیەوە لە

---

1. Sterling-Folker, J. (1997), Realist Environment, Liberal Process and Domestic-Level Variables, International Security. P. (1-25).

2. Snyder, H, G. (2002) Mearsheimer's World-Offensive Realism and the Struggle for Security: A Review Essay, International Security. P. (149-179).

سیاسەتی نێودەوڵەتی جیاواز بێت.[٣]

سەبارەت بە توێژەرەکانی ڕیالیزم، ئەوەی وادەکات گفتوگۆکانی ڕیالیزم تایبەتمەندیەکی زانستی وەربگرێت بناغەی دروستبوونەکەیەتی. هەموو ئەو خواست و پاڵنەرە گەشەسەندووانەی لە بونیادی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و لە سروشتی مرۆڤەوە گەشەیانکردووە و هانی دەوڵەتان و سیاسەتمەدارنیانداوە بەو شێوەیە ڕەفتار بنوێنن کە لەتیۆری ڕیالیزمدا ئاماژەیان پێدراوە[٤]. دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی قوتابخانەی تیۆری ڕیالیستی خاوەن کۆمەڵێك بنەمای تیۆری یاخود گریمانەیە لەبارەی پەیوەندی دەوڵەت بە سیستەمی نێودەوڵەتی و کاریگەری ئەم سیستەمە و فشارەکانی لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت، گریمانەکانیش بریتین لە[٥]:

١. دەوڵەت ئەکتەری سەرەکیە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا "main actor". لەگەڵ ئەوەی کە یەکەی دیکەش بوونی هەیە لەچوارچێوەی سیستەمەکەدا لە نموونەی تاکەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، بەڵام کاریگەریان سنووردارە.

٢. دەوڵەت ئەکتەرێکی یەکگرتووە "actor unified"، پارچە پارچە نییە، هەرکات بەرژەوەندیە نیشتمانییەکانی دەوڵەت بکەوێتە بەردەمی هەڕەشەیەکی دەرەکییەوە، دەوڵەتەکە بەیەك دەنگ وەڵامی هەڕەشە دەرەکییەکان دەداتەوە.

٣. بڕیاربەدەستان و کاربەدەستانی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت ئەکتەری عەقلانین "rational actor". وەرگرتنی بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەکی بەشێوەی عەقلانی خۆی دەبینێتەوە لە بەدیهێنانی زۆرترین قازانج و کەمترین زیان. لەم دۆخەدا، بەرپرسانی سیاسەتی دەرەکی دەوڵـەت هیچ جۆرە بڕیارێك نادەن ئەگەربێتە هۆکاری لاواز بوونی پێگەی دەوڵەتەکەیان.

٤. ڕەفتاری دەرەکی دەوڵەت ملکەچە بۆ سروشتی ژینگەیەکی نێودەوڵەتی کە بەرچاوترین تایبەتمەندی ئەم سیستەمە ژینگەیەکی پاشاگەردانییە (ئانارکی anarchy). لە میانەی ئەم سیستەمەدا حکومەتێکی مەرکەزی جیهانی بوونی نییە کە بەرپرس بێت لە ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتان لەسەر ئاستی سیستەمەکە.

٥. هەوڵدان بۆ مانەوە "survaival". ئامانجی سەرەکی هەموو دەوڵەتێك لەژینگەیەکی ئانارکیدا بریتییە لە مانەوە و ڕێگری کردن لە فەنابوونی دەوڵەتەکە. مانەوە ئامانجی هەرە باڵای دەوڵەتە و پێویستە لەسەر سەرکردە سیاسیەکان پابەندیان بەم ئامانجەوە هەبێت.[٦]

---

[3].Tim Dunne, milja kurki& steve smith, (2013), International Relations Theories, OXFORD University Press. P. (61).

[4]. Forde, S. (1995). International Realism and the Science of Politics: Thucydides, Machiavelli, and Neorealism. International Studies Quarterly, 39(2), 141-160. doi:10.2307/2600844

[5]. Stephen McGlinchey, Rosie Walters& Christian Scheinpflug, (2017), International Relation Theories, Bristol, England, E-International Relations, p. (15).

[6]. John Baylis& Steve Smith, (2001), the Globalization of World Politics: An Introduction to International Relations, OXFORD University Press, Second Edition, New York, p. 155.

٦. خودهاریکاری "self-help". هیچ دەوڵەتێکی دیکە جێگەی متمانە پێکردن نییە تاکو دەولـەت پشتی پێببەستێ و سەرچاوەی پشتیوانی وپارێزگاری بێت لە ئاسایشی دەوڵەتەکە.

بەگشتی تیۆریستانی ئەم قوتابخانەیە بە هەموو مۆدێلە جیاوازەکانیەوە* کۆکن لەسەر ئەم پرەنسیپە گشتیانە. بەڵام کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە خستنەڕووی تیۆرێك کە شیکردنەوە بۆ سیاسەتی دەرەکی دەولـەت بکات لەگەڵ ئەوەی کە بەراوردکردنی سەرەکیترین مۆدێلە تیۆرییەکان یاریمەتیدەر دەبێت لەشیکردنەوەی زیاتر بابەتەکە و یارمەتی خوێنەر دەدات زووتر و باشتر لە گریمانە تیۆرییەکان تێبگات لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە هەروەك کێنێتز وڵتز ئاماژەی بۆ کردووە کە شتێك نییە بەناوی تیۆری باش و تیۆری خراپ، بەڵکو ئەوەی کە هەیە، هەر مۆدێلێکی تیۆری زیاتر جەختی لەسەر گۆشەیەکی دیاریکراوی ڕووداو و دیاردەکان کردووە، واتا شتێکمان نییە بەناوی تیۆری بێ کەمووکوڕی، بەڵکو ئەوەی کە هەیە، تیۆرێك گریمانەکانی زۆرتر جێگای تێرامان وپەسەندی توێژەرانە بەراورد بە تیۆرەکانی دیکە. بەدیوێکی دیکە، هەموو تیۆرێك جۆرێك لە ڕاستی لە تێزەکانیدا لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

## پاری دووەم

## تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ وەك مۆدێلێك بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی

لەدووتوێی ئەم پارەدا بەچڕی تیشك دەخەینە سەر گریمانە و بنەما تیۆرییەکان، پاشان ئاماژە بە دیدگای هەندێك لە تیۆریستە دیارەکانی سەر بەم مۆدێلە تیۆرییەی قوتابخانەی ڕیالیزم دەدەین. لە کۆتایی پارەکەدا و بەخشتەیەکی ئامادەکراو، بەراوردی گرنگترین تێزەکانی مۆدێلە سەرەکیەکانی وەك ڕیالیزمی کلاسیك، ڕیالیزمی نوێ و ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ دەکەین.

### تەوەری یەکەم: بنەما گشتییەکانی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ بەرئەنجامی بەرەوپێشبردنی گریمانە تیۆرییەکانی پێشخۆیەتی لە نموونەی ڕیالیزمی کلاسیك و ڕیالیزمی نوێ لە چوارچێوەی هزری قوتابخانەی ڕیالیستیدا. لێرەدا، ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین و شیکردنەوەی بۆ بکەین مۆدێلی ڕیالیزمی کلاسیکی نوێیە کە لە بنەڕەتدا درێژەپێدەری ڕەوتی شیکردنەوەکانی مۆدێلەکانی پێشخۆیەتی لەچوارچێوەی قوتابخانەی ڕیالیزمدا، هەرلەبەرئەوەشە دەکرێت کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش

---

* شایەنی ئاماژەیە لەچوارچێوەی قوتابخانەی ڕیالیزمدا، چەندین تێزی جودا جێگەیان دەبێتەوە تایبەت بە شیکردنەوەی ڕووداو و دیاردەکانی ناو سیستەمی نێودەوڵەتی. بۆنموونە،یەکەم، ڕیالیزمی کلاسیك (classic realism). دووەم، ڕیالیزمی نوێ (neorealism). سێهەم، لیبراڵ ڕیالیزم یاخود قوتابخانەی ئینگلیزی (liberal realism or English school).چوارەم، ڕیالیزمی بونیادی (realist constructivism). پێنجەم، تیۆری سەقامگیری هەژموون (hegemonic stability theory).هەریەك لەم مۆدێلانە خاوەن تیۆریست و بیرمەندی ناسراوی خۆیەتی، بەڵام توێژینەوەکە بەپێویستی زانی تەنها جەخت بکاتە سەر مۆدێلی ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ وەك تیۆرێك بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی دەولـەت.

لەنێوانیاندا بدۆزرێتەوە لەنمونەی:

١. هەرسێ مۆدێلەکە کۆکن لەسەر پاشاگەردانی سیستەمی نێودەوڵەتی. کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتێکی باڵا بوونی نییە لە سەروو دەسەڵاتی دەوڵەتەوە تاکو بتوانێت باردۆخێکی ڕێکخراو بۆ ژینگەی نێودەوڵەتی فەراهام بکات.

٢. هەرسێ مۆدێلەکە بەگرنگی و بایەخەوە دەڕواننە بژاردەکان، دەرفەتەکان و هەروەها هەڕەشەکان کە سیستەمەکە دروستیان دەکات. واتا دەوڵەت لەسیاسەتی دەرەکی خۆیدا ناچارە کە بە وورياييەوە مامەڵە لەگەڵ ژینگەی نێودەوڵەتیدا بکات[٧].

٣. لە پێوانەکردنی هێزی ڕێژەیی دەوڵەت، هەرسێ مۆدێلەکە بەهێزی پێگەی دەوڵەت دەگەڕێننەوە بۆ تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی دەوڵەت، ئاستی گەشەی توانا ئابووری و سەربازیەکانی دەوڵەت، ڕادەی چالاکی دیپلۆماسیەتی دەوڵەت، جوگرافیای دەوڵـەت لەگەڵ ڕێژەی بوونی سەرچاوە سروشتیەکانی دەوڵەت [٨].

٤. بەهەمان شێوە هەرسێ مۆدێلەکەی ڕیالیزم کۆکن لەسەرئەوەی کە دەوڵەت ئەکتەر و یاریزانی سەرەکیە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا [٩].

ئەو تیۆرانەی کە شرۆڤەی سیاسەتی دەرەکی دەکەن لە سێ گرووپی سەرەکیدا پۆلێن دەکرێن، ئەوانیش، تیۆرەکانی سیستەم، تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو تیۆرانەی کە دەوڵەت یەکەی شیکردنەوەی سەرەکیە تیایاندا [١٠]. گرووپی یەکەم، گرنگی دەدات بە پەستانە دەرەکییەکانی سیستەم لەسەر دەوڵـەت، گرووپی دووەم، تێکەڵیەکە لە کەلتوور و سیاسەتە ناوخۆییەکانی دەوڵەت. ئەم گرووپە گرنگی دەدات بە کاریگەری گۆڕاوە ناوخۆییەکان لەسەر سیاسەتی دەرەکی. هەرچی گرووپی سێیەمە، سەرەڕای گۆڕاوە سەربەخۆکان، ئەو تیۆرانە دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی بونیادی دەوڵەتدا دەیەوێت شرۆڤەی سیاسەتی دەرەکی بکات. لەچوارچێوەی ئەم گرووپەدا، تاکەکان و دامەزراوەکان گرنگیەکی زۆریان هەیە لە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی دەوڵـەت.

دەکرێت بڵێین تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ نوێنەرایەتی گرووپی سێهەم دەکات. ئەم تیۆرە هەروەکو لە ووشەکەوە وەرگیراوە، پێکهاتووە لە تێکەڵکردنی ڕیالیزمی کلاسیکی مۆرگانسۆ لەگەڵ ڕیالیزمی نوێی کێنێز وۆڵتز. ئەم تیۆرە نموونەکانی وۆڵتز بۆ هاوسەنگی هێز و دابەشبوونی ڕێژەیی هێز

---

[7]. Evan Braden Montgomery. (2006). breaking out of the Security Dilemma: Realism, Reassurance, and the Problem of Uncertainty. International Security, 31(2), 151–185. At: http://www.jstor.org/stable/4137519

[8]. Ripsman, N. M., Taliaferro, J. W., & Lobell, S. E. (2016), Neoclassical realist theory of international Politics, Oxford University Press. p. 4.

[9].Tang, S. (2009), Taking Stock of Neoclassical Realism [Review of Neoclassical Realism, the State, and Foreign Policy, by S. E. Lobell, N. M. Ripsman, & J. W. Taliaferro]. International Studies Review, 11(4), 799–803. http://www.jstor.org/stable/40389178

[10]. Dugis, V. (2008), Explaining Foreign Policy Change, Masyarakat, Kebudayaan dan Politik, Th. XXI. No. 2, pp. 101-104

لەمیانەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا پەسەند دەكات بەڵام هاوكات فراوانتریان دەكات بە لەخۆگرتنی گۆڕاوەكان لەسەر ئاستی یەكەكانی سیستەمەكە. لایەنگرانی ئەم مۆدێلە تیۆرییە وەكو وەڵامێك بۆ تیۆرەكەی وۆڵتز زۆرتر جەختیان لەسەر لەخۆگرتنی هەردوو گۆڕاوە سیستەمی و گۆڕاوەكانی سەر ئاستی دەوڵەت كردووەتەوە لەمیانەی شیكردنەوەكانیان بۆ سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت[11]، هەروەها دەڵێن"لە سیاسەتی دەرەكی دەوڵەتدا پێویستە گۆڕاوە سیستەمیەكان، ناوخۆییەكان و كاریگەرییەكانی دیكەش لەبەرچاوبگیرێن، ئەوە دەستنیشان بكرێت كە چی لایەنێكی سیاسەتەكە پێویستە ڕوونبكرێتەوە و هەروەها بەهۆی كاریگەری كام فاكتەرەوەیە.[12]

شایەنی باسە، ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ كە بەزۆری وەك یەكێك لە بەرەوپێشچوونە تیۆریە سەرنجڕاكێشەكان وێنادەكرێت و لە هەناوی قوتابخانەی ڕیالیزمەوە دەركەوتووە، لەبنەڕەتدا بەهۆی ڕەخنەكانی* سەر تیۆری ڕیالزمی نوێ و تیۆریستانی ئەم مۆدێلەوە لەلایەك[13]، لەلایەكی دیكەوە، بەهۆی ڕەخنەكانی تیۆریستانی لیبراڵیزمی نوێی دامەزراوەیی و هەروەها تیۆریستانی بونیادگەرایی كۆمەڵایەتیەوە فۆرمولەكراوە[14]. ئەم مۆدێلە تیۆرییە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە جگە لە فشارەكانی سیستەمی نێودەوڵەتی چەند فاكتەرێكی دیكە كاریگەریان لەسەر ڕەفتارەكانی دەوڵەت هەیە، لەنموونەی فشارەكانی كۆمەڵگا، یاخود هەندێك فاكتەری دیكەی وەك (بەهاكان، بیرۆكەكان یاخود ناسنامە و بیروباوەڕەكان)، ئەم فاكتەرانە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت كاریگەریان هەیە. بۆ ئەم تیۆرە، دامەزراوە سیاسیە ناوخۆییەكان، تێگەیشتنی سەركردەكانی وەرگرتنی بڕیار و ڕادەی كاریگەریان لەسەر سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت جێگەی بایەخپێدانە [15].

توێژەر "تیودۆر ئۆنیا Tudor Onea"، پێیوایە چەند هۆكارێك هەن لەبارەی سەرهەڵدانی تیۆری

---

[11]. Schweller, R, L. (2004) Unanswered Threats: A Neoclassical Realist Theory of Under balancing. International Security, 29(2), pp. 159-201

[12]. Zakaria, F. (1998), From Wealth to Power, The unusual origins of America's world role, Princeton: Princeton University Press, p. (24-28)

* لەڕاستیدا هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤێتی پێشوو لە ساڵی (١٩٩١)، تێزە سەرەكییەكانی ڕیالیزمی نوێی وۆڵتزی ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆری توێژەران كردەوە بەوەی كە ئەم مۆدێلە تیۆرییە سەركەوتوو نەبوو لە گریمانە و هزرە شیكارییەكانی بۆ سیستەمی نێودەوڵەتی، چونكە بە تەنها فاكتەرە سیستەمییەكانی بەهەند وەرگرتبوو بۆ شیكردنەوەی ڕووداوەكانی ناو سیستەمی نێودەوڵەتی، لەكاتێكدا، بەبڕوای توێژەران بەشێكی زۆری هۆكارەكانی هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤێت بەهۆی فاكتەرە ناوخۆییەكانی دەوڵەتەكەوە بوو كە ڕیالیزمی نوێ هیچ بایەخی پێ نەدابوو.

[13]. Więcławski, J. (2017). Neoclassical Realism and the Crisis of the Realist Paradigm in Contemporary International Relations. P. (192).

[14]. Magdalena Kozub-Karkut,(2019), Neoclassical Realism and Foreign Policy Analysis – A Possible Way of Integration?. Available at: https://www.academia.edu/40401906/Neoclassical_Realism_and_Foreign_Policy_Analysis_A_Possible_Way_of_Integration_1

[15]. Annette Freyberg-Inan, Ewan Harrison& Patrick James, (2009), Rethinking realism in international relations: between tradition and innovation, The Johns Hopkins University Press, US, p. 137.

ڕیالیزمی کلاسیکی نوێیەوە، بەڵام هەرە گرنگترینیان پەیوەندی بە تیۆری ڕیالیزمی نوێوە هەیە کە هیچ بانگەشەیەکی نییە بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی[16]. ئەم هۆکارەش کاریگەری لەسەر کۆمەڵێك نووسەر دروست کرد کە هەڵبستن بە دروستکردنی تیۆرێکی نوێ بە گەڕانەوە بۆ دیدگاکانی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیك، واتا قۆناغێك بۆ بەر لەتیۆرەکەی وۆلتز، چونکە تیۆری کلاسیك زیاتر جەختی لەسەر سیاسەتی دەرەکی کردووە وەك لە ڕووداو و دیاردەکان لەسەر ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتی بەراورد بە ڕیالیزمی نوێ.

دواجار دەڵێین کە گرنگترین تێزە تیۆرییەکانی ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ بریتین لە:

١. ڕەفتارەکانی دەوڵـەت کاریگەرن بە فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان. هەرچی فاکتەرە دەرەکییەکانە لەچوارچێوەی کۆمەڵێك گۆڕاوی سیستەمیدا خۆیان دەنوێنن کە جێپێگەی خۆیان لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت جێدەهێڵن، لەکاتێکدا فاکتەرە ناوخۆییەکان لەچوارچێوەی کۆمەڵێك گۆڕاوی نێوەندییدا خۆیدان دەنوێنن و کاریگەری لەسەر ڕەفتار و بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت جێدەهێڵن.

٢. ئەم مۆدێلە تیۆرییە گرنگی بە تێگەیشتن و تێڕوانینی سەرکردەکانی وەرگرتنی بڕیاری دەرەکی دەدات چونکە دواجار ئەوانن کە سیاسەتی دەرەکی دەوڵـەت ئاڕاستە دەکەن[17]. لێرەدا، ئەم مۆدێلە لەسەر ئاستی تاکەکەس جیاکاری دەکات لە سروشتی کەسایەتی دەسەڵاتدارەکان بەوەی کە شەڕەنگێزن یاخود دیموکراتخوازن، بڕوای بەجیاوازی لە ئاستی تێگەیشتنی سەرکردە بڕیاربەدەستەکان لە ژینگە بابەتییەکەی چواردەوریان هەیە.

٣. ڕێژەی چالاکی سیاسەتی دەرەکی دەوڵـەت کاریگەرە بەو پێگەیەی کە دەوڵەت لەچوارچێوەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا هەیەتی. پێگەی دەوڵەتیش کاریگەرە بەو توانا ڕێژەییە مادییەی کە ئەو دەوڵەتە هەیەتی لە هەناوی سیستەمە نێودەوڵەتییەکەدا. لەڕوانگەی ئەم مۆدێلە تیۆرییەوە، هەر گۆڕانکارییەك لە پێگەی ڕێژەیی هێزی دەوڵەت یەکسانە بە گۆڕان لە ڕەفتاری دەوڵەتەکە. تاکو پێگەی ڕێژەیی هێزی دەوڵەت بەهێزتربێت، خواستە فراوانخوازییەکانی دەوڵەتەکە زیاتر دەبن[18].

٤. ئەم تیۆرە چاودێری لێکەوتە نێودەوڵەتییەکان دەکات. لێکەوتە نێودەوڵەتییەکانی وەك جەنگ یاخود ئاشتی دەرئەنجامی بڕیار و ڕەفتارە دەرەکییەکانی یەکەکانی ناو سیستەمی نێودەوڵەتین. لێرەدا، ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ تا ئاستێك نزیك دەبێتەوە لە ڕیالیزمی نوێ، بەڵام ڕیالیزمی نوێ دابڕانێکی دروستکردووە لەنێوان لێکەوتە نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ دۆخی ناوخۆیی

---

[16]. Tudor Onea, (2012), Putting the 'Classical' in Neoclassical Realism: Neoclassical Realist Theories and US Expansion in the Post-Cold War, SAGE, P. 2.

[17]. Devlen, B&Ozdamar, (2009), Neoclassical Realism and Foreign Policy Crisis, John Hopkins University Press, USA, pp. (136-163).

[18]. Meibauer, Gustav et al. (2020) FORUM: RETHINKING NEOCLASSICAL REALISM AT THEORY'S END. International Studies Review, pp. 268-295. DOI: 10.1093/isr/viaa018

دەوڵەت، لەکاتێکدا ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ هەوڵ دەدات ئەم دوو بابەتە بەیەکەوە ببەستێتەوە، واتا کلاسیکی نوێ دەیەوێت پێمان بڵێت کە لێکەوتە نێودەوڵەتییەکان بەرهەمی بڕیار و تێگەیشتنەکانی سەرکردەکانی وەرگرتنی بڕیاری دەرەکی دەوڵەتن.

٥. لەبری ئەوەی بگوترێت دەوڵەتان بەدوای ئاسایش یاخود زیاترکردنی هێزی ماددی خۆیانەوەن، تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ پێیوایە دەوڵەتان وەڵامی نادڵنیاییەکانی سیستەمەکە دەدەنەوە بەهۆی دەرفەتەکان و ئاستەنگەکانی ناو سیستەمی نێودەوڵەتی. هەرچەندە بابەتی ئاسایش و هێز پرسێکی جەوهەرین بۆ دەوڵەت، بەڵام کلاسیکی نوێ دەیەوێت ئەم دوو بابەتە ببەستێتەوە بە پرسی لێکەوتە نێودەوڵەتییەکانەوە لەڕێگەی تێگەیشتنی سەرکردەکانەوە بۆ ژینگەی چواردەوریان کە دەکرێت بەم هاوکێشەیەی خوارەوە ڕوونی بکەینەوە:

- سیاسەتی دەرەکی = دەرفەت و ئاستەنگەکان + ژینگەی نێودەوڵەتی "ئانارکی"

- تێگەیشتنی سەرکردە بۆ ژینگەی نێودەوڵەتی+ هێزی دەوڵەت+ ئاسایشی دەوڵەت ⟵ لێکەوتە نێودەوڵەتیەکان(جەنگ یاخود ئاشتی).

**وێنەی ژمارە(١): شیکردنەوەی وەرگرتنی بڕیاری سیاسەتی دەرەکی لەڕوانگی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێوە**




سەرچاوە: (Ripsman, Taliaferro& Lobell, 2016, 31)

**تەوەری دووەم: گرنگترین بیرمەندانی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ**

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، کۆمەڵێك تیۆریستی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ لەڕێگەی نووسینەکانیانەوە وەك لایەنگرێکی سەر بەم مۆدێلەی ناو قوتابخانەی ڕیالیزم هەژمار دەکرێن. توێژینەوەکە بە گرنگی دەزانێت لەڕێگەی نووسین و توێژینەوەکانی هەندێك لەو نووسەرانە تیشك بخاتە سەر گرنگترین بیروبۆچوونەکانیان و بەم شێوەیە بتوانێت بەشێوەیەکی قووڵتر ڕۆبچێتە نێو دیدگا و تێگەیشتنی گریمانە تیۆرییەکانی ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ لەپێناو تێگەیشتنی زیاتر لەبارەی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتەوە:

**یەکەم/ گیدیۆن ڕۆز Gideon Rose**

- ڕۆزلە توێژینەوەیەکیدا بەناونیشانی "ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ و تیۆرەکانی سیاسەتی دەرەوە

"Neoclassical Realism and Theories of Foreign Policy" کە لە ساڵی ١٩٩٨ بڵاویکردووەتەوە، تیشکی خستووەتە سەر بوونی بۆشاییەك لە ناواخنی قوتابخانەی ڕیالیستیدا، ئەویش نەبوونی تیۆرێکە تایبەت بە شیکردنەوەی بواری سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت. لەبەرئەوە پاڵپشت بە بنەماگشتییەکانی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیك و ڕیالیزمی نوێ - بە هەردوو لقەکەیەوە، ڕیالیزمی بەرگریکار و ڕیالیزمی هێرشخواز- ڕۆز توانی مۆدێلێکی نوێ بەناونیشانی "ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ" دابڕێژێت بە ئامانجی شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت. لەم توێژینەوەیەیدا دەیەوێت پێمان بڵێت کە پاڵپشت بە گریمانەی مۆدێلەکانی قوتابخانەی ڕیالیزم، دەکرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە زۆرێك لە بابەتەکانی ناو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ تیۆرەکانی سیاسەتی دەرەوە جێهێڵدراون. ئەم تیۆرانەش گۆڕاوە پاشکۆکان بە دەرئەنجامی لێکەوتە نێودەوڵەتیەکانی کارلێکی نێوان دەوڵەتان ناناسێنن، بەڵکو پێیان وایە کە لێکەوتە نێودەوڵەتیەکان بەرئەنجامی ڕەفتاری دەوڵەتەکانن[١٩] . لەم خشتەیەی خوارەوەدا، گیدۆن ڕۆز بەراوردی ئەو تێزە سەرەکییانە دەکات کە دەیانەوێت شیکردنەوە بۆ سیاسەتی دەرەکی بکەن:

**خشتەی ژمارە (١)/ بەراوردی تیۆرەکانی سیاسەتی دەرەوە لە ڕوانگەی گیدۆن ڕۆزەوە:**

| تیۆرەکان | تێڕوانینیان بۆ سیستەمی نێودەوڵەتی | تێڕوانینیان بۆ یەکەکانی ناو سیستەمەکە | ئەو لۆژیکەی لەپشت تیۆرەکەوەیە |
|---|---|---|---|
| **ئینێنپۆلەتیك Innenpolitik** | گرنگ نییە | دەوڵـەتان بەڕێژەیەکی زۆر لەیەکدی جیاوازن. | گۆڕاوە ناوخۆییەکان کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتەوە هەیە |
| **ڕیالیزمی بەرگری** | هەندێکجار گرنگە، کاریگەرییەکانی پاشاگەردانی سیستەمەکە ئاشکرایە | دەوڵـەتان بەڕێژەیەکی زۆر لەیەکدی جیاوازن | پاڵنەرەکانی سیستەمەکە یاخود فاکتەرە ناوخۆییەکان کاریگەرییان بەسەر سیاسەتی دەرەکییەوە هەیە.( دوو کۆمەڵە لەگۆڕاوی سەربەخۆ لە هەمان کاتدا کاریگەرییان بەسەر ڕەفتارە سروشتی و ناسروشتیەکانی دەوڵەتەوە هەیە). |
| **ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ** | گرنگە، سیستەمە نێودەوڵەتیەکە پاشاگەردانیە، بەڵام ناڕوونە | دەوڵەتان جیاوازن | پاڵنەرەکانی سیستەمەکە + فاکتەرە ناوخۆییەکان کاریگەرن بەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت.( گۆڕاوە ناوخۆییەکان+ گۆڕاوە سەربەخۆکان). |
| **ڕیالیزمی هێرشبەری** | زۆر گرنگە، سیستەمەکە هۆبزیە | دەوڵەتان هاوشێوەی یەکن | پاڵنەرەکانی سیستەمەکە کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت هەیە. |

سەرچاوە: (Rose,1998:154)

[19]. Rose, Gideon, (1998), "Neoclassical Realism and Theories of Foreign Policy." World Politics, vol. 51, no. 1, pp. 144–72, http://www.jstor.org/stable/25054068.

وەك لە خشتەكەدا دیارە، تیۆری ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ هەروەك گیدۆن ڕۆز ئاماژەی بۆ كردووە، دەیەوێت گریمانەیەكی جیاواز نیشان بدات بەراورد بە سێ تیۆرەكەی دیكە. سەبارەت بە مۆدێلی یەكەم (Innenpolitik- مەبەست لەم چەمكە ئەو قوتابخانە تیۆرییە دەگرێتەوە كە پێیان وایە فاكتەرە ناوخۆییەكانی وەك سیاسەت، ئابووری، ئایدلۆژیا كاریگەرییان بەسەر ڕەفتارە دەرەكییەكانی دەوڵەتەوە هەیە). ڕۆز ڕوونی كردووەتەوە كە ئەم مۆدێلە سەركەوتوو نییە لە شیكردنەوەی ڕەفتارەكانی سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت، چونكە بەتەنها گۆڕاوە ناوخۆییەكانی دەوڵەتی لەبەرچاو گرتووە بۆ شیكردنەوەی سیاسەتی دەرەكی، هەروەها لایەنگرانی ئەم مۆدێلە لەگەڵ ئەوەدان كە گۆڕاوە سەربەخۆكان لەڕووی گرنگییەوە بخەنە خانەی دووەمەوە لەپاش گۆڕاوە ناوەندییەكان لە شیكردنەوەی سیاسەتی دەرەكیدا. لەدیدگای ڕۆزەوە، ئەم قوتابخانەیە سەرەڕای ئەوەی گۆڕاوە ناوخۆییەكانی بە گرنگ زانیوە بۆ لێكدانەوەی سیاسەتی دەرەكی، بەڵام پێمان ناڵێت یاخود ناتوانێت پێمان بڵێت بۆچی ئەو دەوڵەتانەی كە خاوەن سیستەمی سیاسی هاوشێوەن بەڵام ڕەفتاری سیاسەتی دەرەكی جیاواز وەردەگرن، یان پێمان ناڵێت بۆچی دەوڵەتە جیاوازەكان- بۆ نموونە دەوڵەتێكی دیموكراسی و دەوڵەتێكی نادیموكراسی- لەبارودۆخە هاوشێوەكاندا وەكویەك و هاوشێوەی یەكتر ڕەفتار دەنوێنن[٢٠]. ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەم قوتابخانەیە دەڵێت "فاكتەرە ناوخۆییەكان بە باش بێت یاخود بە خراپ، ڕەنگرێژی سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت دەكەن"[٢١].

سەبارەت بە ڕیالیزم بەرگریكار، ڕۆز دەڵێت تیۆری ڕیالیزمی بەرگریكار خاوەن گریمانەیەكی بەهێز نییە لەبارەی سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت چونكە مۆدێلی بەرگریكار پێی وایە تەنها لە كاتی بوونی هەڕەشە دەرەكییەكاندا دەوڵەت دەیەوێت خۆی بپارێزت و ئاسایشی خۆی پارێزراوتر بكات، لەكاتێكدا چەمكی ئاسایش بۆخۆی چەمكێكە جێگیرنییە و لاستیكییە، ئەم بابەتە گرنگی بە تێگەیشتنی سەركردەكان نەداوە لەچۆنێتی ڕاڤەكردنی هەڕەشە و مەترسیەكانی سەر دەوڵـەت، پێی وایە كە لەكاتی هەستكردن بە هەڕەشە و مەترسی دەوڵەتان هەموو وەك یەك ڕەفتار دەكەن[٢٢].

سەبارەت بە گریمانەی سەرەكی ڕیالیزمی هێرشخوازیش، كە دەڵێت فاكتەری سیستەمی لە نموونەی ترس لە دەوڵەتانی دیكە، دەوڵەت ناچار بە پەنابردن بۆ هێرش و فراوانخوازی دەكات، لەكاتێكدا بابەتی ترس و هەستكردن بە مەترسی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە سەركردەكان و بەرپرسانەی دەوڵـەتەوە هەیە كە چۆن دەڕواننە مەترسیەكانی سەر دەوڵەتەكەیان. تیۆری ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ پێی وایە كە قورسە پێوانەی ترس بكرێت و لەڕووی زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بكرێت. ترسی دەوڵەتێك لە دەوڵەتێكی دیكە واتای ترسی كاربەدەستانی دەوڵەتێك دێت لە ژینگەی دەرەكی كە ئەم بابەتە ئاسان نییە بسەلمێنرێت. توێژینەوەكە لەپێناو ڕوونكردنەوەی زیاتری گریمانە تیۆرییەكانی هەردوو لقی ڕیالیزمی نوێ "

[20]. Rose, Ibid, p. (150).

[21]. James D. Fearon,(1998), Domestic Politics, Foreign Policy, and Theories of International Relations, p. 291. At: https://www.annualreviews.org/doi/pdf/10.1146/annurev.polisci.1.1.289

[22]. Rose, Ibid.

ڕیالیزمی بەرگریکار و ریالیزمی هێرشخواز"، لەم خشتەیەی خوارەوەدا گرنگترین جیاوازییەکانی نێوانیان دەخاتە ڕوو:

**خشتەی ٢/ گرنگترین جیاوازییەکانی نێوانی مۆدێلی بەرگریکار و مۆدێلی هێرشخوازی دەخەینەڕوو. "خشتەکە لەلایەن توێژەرانەوە ئامادەکراوە":**

| | بوارەکان | ریالیزمی بەرگریکار | ریالیزمی هێرشخواز |
|---|---|---|---|
| ١ | بونیادی سیستەمی نێودەوڵەتی | ئانارکییە، پێویستە دەوڵەت بەدوای بەدەستهێنانی بڕی هێزی پێویستەوە بێت بۆ خودپارێزی. | ئانارکییە دەولەت ناچار هێزی ماددی خۆی زیاتر بکات لەپێناو مانەوەدا. |
| ٢ | سوود و بەرهەمی فراوانخوازییەکانی دەوڵەت | دەوڵەت سوود لە فراواخوازییەکانی نابینێت چونکە لەلایەن ئەوانی ترەوە هاوسەنگی هێزی لەدژ دەکرێت | دەوڵەت لەمیانەی پرۆسەکانی هێرش و داگیرکاری و فراوانخوازییەکان دەتوانێت لەڕووی ئابووری و سەربازی و جیۆگرافییەوە سوودی زۆر بەدەستبهێنێت. |
| ٣ | دەوڵەتی هەمواركار revisionist state و دەوڵەتی پارێزەری دۆخی باو status quo state | دەوڵەتان هێزێکی گۆڕانکار یاخود هەمواركار نین بەڵکو لەگەڵ مانەوەی دۆخی باون | دەوڵەتان و بەدیاریکراوی زلهێزەکان ئەو دەوڵەتانەن کە بەدوای گۆڕانکارییەوەن لە بارودۆخی سیستەمی نێودەوڵەتیدا. |
| ٥ | ئاسایش لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا | لەبونیادی سیستەمی نێودەوڵەتییدا ئاسایش کەمە بەڵام دەگمەن نییە. نەبوونی متمانە هۆکارە بۆ دروستبوونی قەیرانی ئاسایش لەبەرئەوە دەوڵەت هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوپەڕی ئاسایش نادات. | لە بونیادی سیستەمی نێودەوڵەتیدا ئاسایش دەگمەنە. دەوڵەت لەڕێگەی فراوانخوازیەوە بەدوای بەدەستهێنانی ئەوپەڕی ئاسایشەوەیە. |
| ٦ | هێرش و فراوانخوازی | سیاسەتە ناوخۆییەکان دەکرێت ببنە هۆکاری لاوازی ئاسایشی دەوڵەت ئەویش لەمیانەی تێوەگلانی دەوڵەت یاخود ڕەفتارێکی دەرەکی دەوڵەتەکە کە بەزیان بۆ سەر ئاسایشی خۆی بشکێتەوە. | دەوڵەت پویستە هەمووکات ئامادەبێت بۆ فراوانخوازی تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی بەرژەوەندی ئەوانی دیکەش بێت. |

دووەم/ ڕانداڵ شوێڵەر Randal Schweller

یەکێکی دیکەیە لەو توێژەرانەی کە نوێنەرایەتی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ دەکات. شوێڵەر بە ئامانجی نوێکردنەوەی سەرەکیترین گریمانە تیۆرییەکانی هەردوو تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی هانز مۆرگانسۆ و تیۆری ڕیالیزمی نوێی کێنێز وڵتز لەمیانەی کارێکی زانستی نوێدا بەناونیشانی "ناهاوسەنگیەکی لەرادەبەدەر: سیستەمی سێ جەمسەری و ستراتیژی هیتلەر بۆ داگیرکردنی جیهان "Deadly Imbalanced: Tripolarity and Hitler's Strategy of World Conquest"، پێشنیارەکانی خۆی دەخاتەڕوو. شوێڵەر کتێبەکەی بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشکردووە، بەشێکی تیۆریە، بەشەکەی دیکەی مێژووییە. لەو بەشەی کە تیۆریە، نووسەرهەوڵیداوە تازەگەری بخاتەسەر تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی لەرێگەی پێشکەشکردنی پێشبینی نوێ لەسەر بونیادی سیستەمی نێودەوڵەتی و ڕەفتارەکانی هاوپەیمانێتی کە دەوڵەتان پەنای بۆ دەبەن. لەڕووە تیۆرییەکەوە، نووسەر دابەشکارییەکی دوولایەنەی کردووە. لەلایەك، پۆلێنی دەوڵەتانی کردووە لەڕووی تواناکان و بەرژەوەندیەکانیانەوە. لێرەدا، پاڵپشت بە خواست و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت، شوێڵەر دابەشکاری بۆ دەوڵەتان کردووە لەمیانەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا هەندێك دەوڵەتی خستووەتە خانەی دەوڵەتانی هەموارکار "Revesionist"، هەندێك دەوڵەتیشی بە پارێزەری دۆخی باو "Status Quo" وێناکردووە، لەلایەکی دیکەوە، شوێڵەر شرۆڤەی ڕەفتارەکانی دەوڵەتی کردووە لەپێناو پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیەکان. نووسەر ئەم دۆخەی ناوناوە "ڕەفتاری هاوپەیمانێتی - Alliance Behavior"[٢٣]، مەبەست لێی دەوڵەت بە ڕێگەیەکی دیاریکراو هەوڵی مانەوەو پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندیەکانی خۆی دەدات[٢٤].

لە ڕوانگەی شوێڵەرەوە "ئەگەر ڕیالیزمی کلاسیك پێشنیاری ڕەفتاری وەك " buck-passing, bandwagoning"* کردبێت، ئەوا ئەم ئاماژەی بەچەند ڕەفتارێکی دیکە کردووە لەنموونەی "

---

[23]. Randall L. Schweller, (1998), Deadly Imbalances: Tripolarity and Hitler's Strategy of World Conquest, Columbia University Press, p. (16 -19).

[24]. Reiter, D. (1999). [Review of Deadly Imbalances: Tripolarity and Hitler's Strategy of World Conquest, by R. L. Schweller]. The American Political Science Review, 93(1), 243–244. Available at: https://doi.org/10.2307/2585822

* Buck-passing لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەم دەستەواژەیە بەمانای ئەوە دێت کە دەوڵەتێك لەپێناو خۆبەدوورگرتن لە هەڕەشەیەکی چاوەڕوانکراو، چاوەڕوانی دەوڵەتێکی دیکە دەکات بە ئەنجامدانی کردەوەیەك و هەڕەشەکە دووربخاتەوە.

bandwagoning* . لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەم دەستەواژەیە بەواتای ئەوە دێت کاتێك کە دەوڵەتێك، یاخود چەند دەوڵەتێك بینە هاوپەیمانی دەوڵەتێك یاخود چەند دەوڵەتێکی زۆر بەهێزتر.

distancing . سیاسەتی خۆبەدوورگرتنی دەوڵەتێك لە ئەگەری هەرجۆرە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەیەك.

*Engaging . ئەم چەمکە مەبەست لێی دەوڵەتێکە لەکاروبارەکانی دەوڵەتێکی دیکەوە خۆی تێوە بگلێنێت.

وەك ڕێگەچارەیەك كە دەوڵەت دەتوانێت بیگرێتەبەر بۆ "distancing, engaging, holding★ پارێزگاریكردن لە بەرژەوەندیەكانی[25]. شوێلەر لەبەرانبەر تیۆری "هاوسەنگی هەڕەشەكان balance of threats"ی كێنێتز وۆڵتز، تیۆرێكی دیكە دادەڕێژێت بەناوی تیۆری "هاوسەنگی بەرژەوەندیەكان- balance of interests". مەبەستی شوێڵەر لەم تیۆرە بریتییە لەڕوونكردنەوەی ڕەفتاری سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت كە بە چی شێوازێك بەرگری لە بەرژەوەندیەكانی خۆی دەكات. لەلایەكی دیكەوە، وەكو ڕەخنەكردنی تیۆرەكەی وۆڵتز كە جیاوازی نەكردووە لەنێوانی دەوڵەتاندا لەڕووی تواناكانیانەوە - تیۆری ڕیالیزمی نوێ گرنگی نەداوە بە جیاوازی پێگە و هێزی ڕێژەیی دەوڵەت لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا هێندەی جەختی كردووەتە سەر ئەوەی كە دەوڵەت چۆن دەتوانێت یاخود بە چ ستراتیژێك خۆی دەپارێزێت. شوێلەر ڕەخنەی توندی لەم تێگەشتنەی والتز هەیە و بە بیركردنەوەیەكی ناتەواوی دەزانێت چونكە پێی وایە دەوڵەتان لە تواناكانیان جیاوازییان تیادا هەیە. هەر لەم تێگەیشتنەوەیە كە ڕانداڵ شوێڵەر پشتیوانی لە تیۆری ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ دەكات و پێی وایە كە فاكتەری مرۆیی- تێگەیشتنی سەركردە- ڕۆڵ و كاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر ڕەفتارەكانی سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت" [26].

**سێهەم/ فەرید زەكەریا Farid Zakaria**

نووسەرێكی دیكەیە كە لەسەر ئەم مۆدێلە تیۆرییە هەژمار دەكرێت، لە كتێبی" لە سەرووەتەوە بۆ هێز: بنەما نا ئاساییەكانی ڕۆڵی جیهانی ئەمەریكا From Wealth to Power, The unusual origins of America's world role"، دیدگاكانی خستووەتەڕوو سەبارەت بە گرنگی تیۆرێك بۆ شیكردنەوەی سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت. ڕەخنە و سەرنجی ئەم نووسەرە سەبارەت بەوەیە كە سیاسەتی دەرەكی لەڕووی تیۆرییەوە لەلایەن تویژەران و نووسەرانەوە بایەخی پێنەدراوە، بەڵكو توێژەران زۆرتر بایەخیان بە شیكردنەوەی ڕووداو و دیاردەكان داوە لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی. خۆیان بواردووە لە بابەتی سیاسەتی دەرەكی دەوڵەتان. سەبارەت بە شیكردنەوەی دیاردە و ڕووداوە نێودەوڵەتییەكان، دەتوانین تێگەیشتنی فەرید زەكەریا بە چوار خاڵ نیشان بدەین سەبارەت بە جیاوازی لەنێوان تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی لەگەڵ تیۆری سیاسەتی دەرەكی[27]:

---

[25]. Owen, J. M. (1999). Back to Realistic Realism: Tripolarity and World War II [Review of Deadly Imbalances: Tripolarity and Hitler's Strategy of World Conquest, by R. L. Schweller]. International Studies Review, 1(1), 129–131. http://www.jstor.org/stable/3186375

[26]. Randal Schweller, Ibid.

[27]. Zakaria, F. (1998), From Wealth to Power, The unusual origins of America's world role,

**یەك،** تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی توانای شرۆڤەكردنی خواست و پاڵنەرەكانی دەوڵەتی نییە، بەڵكو تەنها دەتوانێت هەندێك گریمانە پێشكەش بكات. بەپێچەوانەوە، تیۆرەكانی سیاسەتی دەرەوە ئەوە ڕوون دەكەنەوە كەوا بۆچی دەوڵەتە جیاوازەكان یان دەوڵەتە هاوشێوەكان لە كاتە مێژووییە جیاوازەكاندا، خواست و ئامانجی جیاوازیان هەیە.

**دوو،** تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی توانای شیكردنەوە و پێشبینیكردنی لێكەوتە نێودەوڵەتییەكانی هەیە، لەكاتێكدا تیۆری سیاسەتی دەرەكی دەتوانێت پەردە هەڵبماڵێت لەسەر ڕەفتارێكی داگیركاری لەلایەن دەوڵەتێكەوە، یاخود دەوڵەتێك كە بەدوای بەستنی هاوپەیمانێتییەوەیە، یان دەوڵەتێك خواستی فراوانخوازی هەیە، بەڵام ئەم تیۆرە توانای پێشبینی كردنی لێكەوتە و دەرئەنجامە نێودەوڵەتیەكانی نییە. فەرید زەكەریا لەزاری وۆڵتزەوە دەڵێت "ئەو تیۆرانەی سیاسەتی نێودەوڵەتی كە لێكەوتە نێودەوڵەتییەكان شرۆڤە دەكەن بەبێ گەڕانەوە بۆهۆكارە سیستەمییەكان دەكرێت بە تیۆری سیاسەتی دەرەكی ناوزەند بكرێن - ئەو تیۆرانەی كە وۆڵتز بەتیۆری سیستەمی تاك ڕەهەندی "reductionist theory" ناوزەندی كردوون.

**سێ،** زەكەریا دەڵێت زۆرینەی تیۆرەكانی سیاسەتی دەرەكی لەسەر ئاستی نیشتمانی كاردەكەن، ئەم تیۆرانە هۆكاری ڕەفتارەكانی دەوڵەت دەگەڕێننەوە بۆ كلتووری نیشتمانی یاخود سیاسەتە ناوخۆییەكان، بەڵام تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی سیستەم كاردەكات و گرنگی بە كارلێكەكانی نێوان دەوڵەتان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەدات.

**چوار،** دەتوانین بڵێین لەڕوانگەی زەكەریاوە، تێگەیشتنی سەركردەكان ڕۆڵی بنچینەیی دەبینن لە ئاڕاستەكردنی سیاسەتی دەرەكی دەوڵەتدا، لەكاتێكدا، بۆ تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی، ژینگەی ئانارکی سیستەمی نێودەوڵەتی ڕۆڵی كاریگەر دەبینێت لەسەر ڕەفتاری دەرەكی دەوڵەت.

لە كۆتایی ئەم باسەدا، توێژەران لەڕێگەی ناساندنی تیۆری ریالیزمی كلاسیكی نوێیەوە هەوڵیانداوە خوێندنەوەیەكی وورد بۆ سەرەكیترین گریمانە تیۆرییەكانی ئەم مۆدێلە تیۆرییە بكەن ئەویش لەڕێگەی خستنەڕووی تێزەكانی تیۆرەكە و پاشان ئاماژەدان بە دیارترین ئەو نووسەرانەی كە لەسەر ئەم مۆدێلە تیۆرییە هەژمار دەكرێن. توێژینەوەكە لەپێناو ڕوونكردنەوەی زیاتری مۆدێلەكە بەپێویستی زانی كە بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتری ریالیزمی كلاسیكی نوێ بە خشتەی ئامادەكراو بگەڕێتەوە بۆ گریمانە تیۆرییەكانی مۆدێلەكانی پێش كلاسیكی نوێ لە نموونەی ریالیزمی كلاسیك و ریالیزمی نوێ تاكو خوێنەر باشتر زانیاری لەسەر بابەتەكە وەربگرێت چونكە وەك ئاماژەمان بۆ كردووە كلاسیكی نوێ بەرئەنجامی بەرەوپێشبردنی مۆدێلە تیۆرییەكانی پێش خۆیەتی.

---

Princeton: Princeton University Press. pp. 25-28.

**خشتنەی ژمارە (٣)/ بەراوردی نێوان مۆدێلەکانی ڕیالیزمی کلاسیك، ڕیالیزمی نوێ و ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ**

| | ڕیالیزمی کلاسیك | ڕیالیزمی نوێ | ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ |
|---|---|---|---|
| **ناوەڕۆکی تیۆرەکە** | ڕیالیزمی کلاسیك گرنگی بە بەها جۆراوجۆرەکانی وەك هێز، ئابووری لەچوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دەدات، هانز مۆرگێنتاو دیارترین تیۆریستی مۆدێلەکەیە. | تیۆرێکە تایبەتە بە شیکردنەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی، کێنێز وۆلتز بەدیارترین تیۆریستی ئەم مۆدێلە هەژمار دەکرێت. | تیۆرێکە تایبەت بە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت، گیدۆن ڕۆز بە دیارترین تیۆریستی ئەم مۆدێلە دادەنرێن. |
| **گرنگی پێگەی دەوڵەت** | ئەکتەری گرنگی ناو سیستەمی نێودەوڵەتییە، ئەکتەرەکان لەوانەیە گۆڕانکاریین بەسەردابێت. | تاکە ئەکتەری ناو سیستەمی نێودەوڵەتیە. | دەوڵەت ئەکتەرێکی کاریگەری ناو سیستەمی نێودەولـەتیە لەگەڵ ڕۆڵی گۆڕاوە ناوەندییەکان. |
| **کاریگەری سروشتی مرۆڤ لەسەر ململانێکان** | کاریگەری زۆرە | کاریگەری نییە | کاریگەری هەیە |
| **سروشتی ژینگەی نێودەوڵەتی** | ژینگەیەکی پاشاگەردانییە، ڕەنگدانەوەی سروشتی شەڕەنگێزی مرۆڤەکانی بەسەرەوەیە. | ژینگەیەکی پاشاگەردانییە، حکومەتێکی جیهانی یاخود دەسەڵاتێکی باڵاتر نییە لەسەروو دەسەڵاتی دەوڵەتەوە. | ژینگەیەکی پاشاگەردانییە بەڵام لێڵە Murky. پاڵنەرەکان، دەرفەتەکان و مەترسییەکان بە ئاشکرا لە ژینگەکەدا دەبینرێن. |
| **هاریکاری نێوان وڵاتان** | گەمەیەکی سفری لەنێوانی دەوڵەتان هەیە | هاریکاری تەنها ئەوکاتە هەیە کە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتدا بێت. | هاریکاری بوونی هەیە، دەستکەوتی ڕێژەیی بەدەوڵەت دەبەخشێت. |

سەرچاوە: (خشتەکە لەلایەن توێژەرانەوە ئامادەکراوە)

## باسی دووەم

## گۆڕاوەکانی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت لە ڕوانگەی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێوە

پاش ڕوونکردنەوەی گرنگترین بنەما گشتیەکانی تیۆرەکە، توێژینەوەکە هەوڵدەدات لەڕێگەی خستنەڕووی ناوەڕۆکی ئەو گۆڕاوانەی کە یارمەتیمان دەدەن لە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت. شیکاری گرنگترین گریمانەکانی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ بکات. گۆڕاوەکان بۆ سێ ئاست دابەشکراون، ئەوانیش گۆڕاوی سیستەمی یاخود سەربەخۆ، گۆڕاوی ناوەندی یاخود ناوخۆیی لەگەڵ گۆڕاوی پاشکۆ.

### پاری یەکەم

### گۆڕاوە سەربەخۆکان (گۆڕاوە سیستەمییەکان):

مەبەست لە گۆڕاوەکان ئەو فاکتەرە ژینگەییانە دەگرێتەوە کە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتان هەیە[٢٨]. گۆڕاوی سەربەخۆ کە گۆڕاوی سیستەمیشی پێدەگوترێت ئەو فاکتەرانە دەگرێتەوە کە لەسەر ئاستی سیستەمی نێودەوڵـەتی کاریگەری جێدەهێڵن لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت. وەك ئاماژەمان بۆ کرد تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ بڕوای بە دابەشبوونی ڕێژەیی هێز هەیە لەنێوانی دەوڵەتاندا وەك فاکتەرێکی سیستەمی کاریگەر بەسەر سیاسەتی دەرەکییەوە. سروشتی سیستەمی نێودەوڵەتیش بەشێوەیەکە کە ئانارکی و ناڕوونە. لەچوارچێوەی ئەم ژینگە نێودەوڵەتییەدا دەرفەتەکان، پاڵنەرەکان، فشارەکان لەگەڵ هەڕەشە ومەترسییەکان بوونیان هەیە.

لێرەدا، بابەتی گرنگ بریتیە لە چۆنێتی دابەشبونی هێز لەنێوان دەوڵـەتاندا، واتا جیاوازی دەوڵەتان لەڕووی تواناکانیانەوە لەسەر هەموو ئاستە سەربازی، ئابووری، تەکنەلۆجی و دیپلۆماسیەکان. ئەوەی کە ڕوونە تیۆریستان پێیان وایە کە پێگەی ڕێژەیی هێزی دەوڵەتان وەك یەك نییە، بەڵکو سیستەمی نێودەوڵەتی لە دەوڵەتی زلهێز، گەورە، مامناوەند و دەوڵەتی لاواز لەڕووی هێزەوە پێکهاتووە. ڕەفتاری ئەم دەوڵەتانە بەگوێرەی جۆری سیستەمە نێودەوڵەتیەکەش دەگۆڕێت. بۆ نمونە ڕەفتاری دەوڵەت لە سیستەمێکی جیهانی فرە جەمسەردا جیاوازە لە سیستەمێکی جیهانی دوو جەمسەری یاخود تاك جەمسەری. تەنانەت هەڕەشەکان و دەرفەتەکانیش بەگوێرەی جەمسەربەندیە جیهانیەکەش دەگۆڕێت. تیۆریستانی سەر بە ڕیالیزمی نوێ لە نموونەی وۆلتز پێیان وایە کە ئەم نایەکسانیەش لە هێزی دەوڵەتاندا سەقامگیری و ئاسایش دەستەبەر دەکات بەڵام لە چوارچێوەی سیستەمێکی دووجەمسەری جیهانیدا[٢٩]. لەڕاستیدا لایەنگرانی تیۆری ڕیالیستی نوێ و ڕیالیستی کلاسیکی نوێ لەگەڵ ئەو بۆچوونەن کە سیستەمی دووجەمسەری سەقامگیری زیاترە بەراورد بە فرە جەمسەری. لەم ڕووەوە، ڕاندال شوێڵەر دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی

[٢٨]. مثنى علي المهداوي، (٢٠٢٠)، السياسة الخارجية، دراسة نظرية عامة، مركز النهرين للدراسات الاستراتيجية، العراق،ص،١٨.

[29]. Waltz, Kenneth N, (1979), Theory of International Politics, New York: McGraw Hill. P. 1979.

هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی، جیهانێکی دابەش بوو لەنێوان سێ هێزی جەمسەری گەورەی وەك ئەڵمانیای نازی، یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو لەگەڵ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە دواجار ئەم دەوڵەتانە چوونە نێو جەنگە گەورەکەوە. هەرچەندە شوێلەر لە تێگەیشتنی هیتلەرەوە شیکردنەوە بۆ ڕوداوەکە دەکات، بەڵام دەیەوێت ئەوەش بڵێت کە بوونی سێ زلهێزی جیهانی هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگە گەورەکە بوو[٣٠].

توێژەر "بوێنو دی مێسکویتا Bueno de Mesquita" دەڵێت" تاکو ژمارەی جەمسەرگیریە جیهانیەکە زۆرتربێت، نادڵنیایی دەوڵەتان لەوەرگرتنی بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەکیاندا زۆرتر دەبێت، هەر لەبەرئەوەشە کە هاوپەیمانێتیەکان لە سیستەمێکی فرەجەمسەری جیهانیدا جێگیرنین بەراورد بە سیستەمی دووجەمسەری[٣١]، هۆکارەکەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە زلهێزەکان لە دوو جەمسەریدا هەست بە بەرپرسیارێتی زۆرتر دەکەن و زۆرتر لەگەڵ مانەوەی هەلومەرج و دۆخی باون، بەپێچەوانەی سیستەمی فرەجەمسەرییەوە[٣٢].

جێگەی ئاماژەیە کە تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ گۆڕاوی سیستەمی بۆ دوو گۆڕاوی سەرەکی دابەش دەکات ئەوانیش، "گۆڕاوی ڕوونی و ئاشکرایی دەرفەت و مەترسییەکان لەگەڵ گۆڕاوی ستراتیژی هاریکارانە و گۆڕاوی ستراتیژی ناهاریکارانە". ئەم تیۆرە گرنگی بەو ئاماژە، دەرفەت و مەترسیانە دەدات کە سیستەمەکە ئاڕاستەی دەوڵەتانی دەکات کە بە سێ تایبەتمەندی جیادەکرێنەوە[٣٣]:

یەك: هەڕەشەکان، مەترسیەکان، ئاستەنگ و دەرفەتەکان کە سیستەمەکە دروستیان دەکات دەکرێت بە ئاشکرا هەستیان پێبکرێت.

دوو: تاکو چ ڕادەیەك سیستەمەکە زانیاریمان پێ دەدات لەبارەی ئایندەی هەڕەشەکان، مەترسیەکان یاخود دەرفەتەکانەوە.

سێ: بژاردەکانی بەردەم دەوڵەت لەوەڵامی ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

ڕانداڵ شوێلەر پێی وایە کە هەڕەشە ومەترسیەکان پەیوەندیان بە کۆمەڵێك هۆکارەوە هەیە، لەوانە[٣٤]:

١. دەوڵەتێك کە خوازیاری گۆڕانکارییە لە بارودۆخ و هەلومەرجی باوی سیستەمی نێودەوڵەتی، واتا دەوڵەتێکە بە پێگەکەی خۆی ڕازی نییە و بەدوای گۆڕانکارییەوەیە، بەم جۆرە

[30].Randall L. Schweller, (1998), Deadly Imbalances: Tripolarity and Hitler's Strategy of World Conquest, Columbia University Press. pp. 77-81.

[31]. de Mesquita, B. B. (1978). Systemic Polarization and the Occurrence and Duration of War. The Journal of Conflict Resolution, 22(2), 241–267. http://www.jstor.org/stable/173799

[32].Lieshout, Robert H. (1995) Between Anarchy and Hierarchy: A Theory of International Politics and Foreign Policy, Edward Elgar Publishing. ISBN: 978 1 85898 196 3

[33]. Rose, ibid, pp. 146-155.

[34]. Schweller, R. L. (1994). Bandwagoning for Profit: Bringing the Revisionist State Back In. International Security, 19(1), 72–107. https://doi.org/10.2307/2539149

دەوڵەتانە دەگوترێت دەوڵەتی هەموارخواز"revisionist state".

٢. بوونی توانا سەربازی و تەکنەلۆجییەکان کە یارمەتی دەوڵەتی دەستدرێژیکار دەدەن لە ئەنجامدانی دەستوەردانە سەربازییە دەرەکییەکانی.

٣. دەوڵەتێك پێشبینی دەکات لە ئایندەدا دەوڵەتێکی دیکە ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە ومەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانی.

دەتوانین کردەوەی سەربازی و داگیرکاری نیوە دوورگەی کرایمیەی ئۆکرانی لەلایەن ڕووسیاوە وەك نموونەیەك ڕوون بکەینەوە. پێش سەرهەڵدانی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١٣)، هەردوو حکومەتی ئۆکرانی و ڕووسی وەك دوو دەوڵەتی دراوسێ لە ئاستێکی بەرزی پەیوەندی سیاسی، سەربازی و ئابووریدان بوون، بەڵام کاتێك شەپۆلی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان دەستیان پێکرد وبوونە هۆکاری گۆڕانکاری بنچینەیی بەسەر فۆرمی دەسەڵات و حکومەتی ئۆکرانی. خواستی بوونە ئەندامی کییڤ لە یەکێتی ئەوروپا هەروەها پرسی بوونە ئەندامی ئۆکرانیا لەرێکخراوی هاوپەیمانێتی باکووری ئەتڵەسی ناسراو بە ناتۆ، نیگەرانییەکانی مۆسکۆی زیاتر کرد. لەم ڕووەوە کات زۆر لەبەرژەوەندی مۆسکۆ نەبوو، هاوکات بڕاردەکانی بەردەمیشی تەنها لە بڕاردەی سەربازیدا دەبینیەوە. لەبەرئەوە وەڵامی هەڕەشە و مەترسی و تەنانەت دەرفەکاتی دایەوە لەماوەیەکی کورتی دیاریکراودا لەرێگەی داگیرکردنی نیوە دوورگەی کرایمیەی ئۆکرانی لە سەرەتاکانی ساڵی (٢٠١٤)[٣٥]. لەڕاستیدا بۆ ڕووسیا دەرفەت بوو کەوا کردەوەیەکی سەربازی نمونەیی لەم شێوەیە ئەنجام بدات چونکە، یەك، توانا سەربازی و تەکنەلۆجیەکانی مۆسکۆ وەك دووەم بەهێزترین هێزی سەربازی لە جیهاندا یاریدەی کردەوەیەکی لەم شێوەیەی دەدا. دوو، دەوڵەتی بەرامبەر کە ئۆکرانیا بوو لەڕووی سیاسییەوە ناسەقامگیر و پەرتەوازە، لەڕووی سەربازیەوە لاواز. سێ، نەبوونی مەترسی بەرپەرچدانەوەی خێرا لەلایەن دەوڵەتانی دیکەی ئەورووپی و ئەمەریکییەوە دژی کردەوە سەربازییەکەی مۆسکۆ.

هەرچی سەبارەت بە گۆڕاوی ستراتیژی هاریکارانە و ستراتیژی نا هاریکارانەیە، پەیوەندی هەیە بە کاتی دیاریکراوی دەوڵەت بۆ وەڵامدانەوەی هەڕەشە و مەترسیەکان. بەشێوەیەکی دیکە، دوور و نزیکی هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت کاریگەری لە گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی دیاریکراو دەبێت. زۆرجار، هەڕەشەکان لەسەردەوڵەت دوورن، لەم کاتەدا دەوڵەت دەتوانێت بچێتە کەشێکی ستراتیژی هاریکارانەوە لەگەڵ دەوڵەتی بەرامبەردا، بۆ نمونە، پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عێراقی لە ساڵی (٢٠٠٣)، کۆماری ئیسلامی ئێران دەچێتە کەشێکی ستراتیژی هاریکارانەوە لەگەڵ بەغداد چونکە چی دیکە دەوڵەتێکی عێراقی بوونی نامێنێت کە هەڕەشە بێت بۆ ئاسایشی نیشتمانی کۆمارە ئیسلامییەکە. بەڵام بۆ ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، ڕێکخراوی قاعیدە و بزووتنەوەی تالیبانی حکومڕانی ئەفغانستانی هەڕەشەیەکی مەترسیدار بوون

[35]. Dmitri Trenin, (2014), the Ukraine Crisis and the Resumption of Great Power Politics, Carnegie Moscow Centre, pp. 3-7.

لەدوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی(٢٠٠١)، حکومەتی واشنتۆنی ناچار بە گرتنەبەری ستراتیژی ڕێگرییانە کرد دژی ئەو ڕێکخراوە لەوەی کە بتوانن کردەوەی هاوشێوە و مەترسیدار دژی ئەمەریکا دووبارە بکەنەوە.

### پاری دووەم

### گۆڕاوە ناوەندییەکان

وەك پێشتر ڕوون کرایەوە، تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ بە گرنگیدان بە ڕۆڵی ئەم ئاستە لە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت جیادەکرێتەوە. بە بڕوای ئێمە گرنگترین ئاستی شیکردنەوە بریتییە لە ئاستی ناوەندی یاخود شیکردنەوە لەسەر ئاستی دەوڵەت. هەر لەبەرئەوەشە کە تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێمان هەڵبژاردووە بۆ شیکردنەوەی ئەو گۆڕاوانەی شیکردنەوە بۆ سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت دەکەن. گۆڕاوە ناوەندییەکان بۆ چوار گۆڕاوی بنچینەیی دابەش کراون، ئەوانیش: توانای تێگەیشتنی سەرکردە بڕیاربەدەستەکان، سیستەمی بیروباوەڕی نیشتمانی، پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵات لەگەڵ گۆڕاوی دامەزراوە ناوخۆییەکان. لە چەند تەوەرەیەکدا کاریگەری هەریەك لەم گۆڕاوانە لەسەر سیاسەتی دەرەکی و ڕەفتاری سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت ڕوون دەکەینەوە:

### تەوەری یەکەم: توانای تێگەیشتنی سەرکردە بڕیاربەدەستەکان

جیهانبینی سەرکردەی سیاسی بەواتای دیدو تێڕوانین و بیرکردنەوەی سەرکردە، ئاستی تێگەیشتنی سەبارەت بەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ڕوودەدەن، هەروەها کاردانەوەی بەرانبەر بە فشارەکان، هەڕەشە و دەرفەتەکان کە سیستەمی نێودەوڵەتی دروستیان دەکات. توانای تێگەیشتن و جیهانبینی سەرکردەی سیاسی واتا چۆن سەرکردەکان لێکدانەوە بۆ کاریگەرییەکانی سیستەمەکە دەکەن لەسەر دەوڵەتەکەیان و چۆن وەڵامی کاریگەری پێدراوە سیستەمیەکان دەدەنەوە لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت. سەرکردەکانی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتان بەو کەسایەتییانە دەگوترێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بڕیاربەدەستن لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتەکەیان لە نموونەی سەرۆکی دەوڵەت، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری دەرەوە، لێپرسراوانی دەزگا هەواڵگرییەکان و باڵیۆزانی دەوڵەت لەگەڵ بەرپرسانی نێو دامودەزگاکانی نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەت کە خاوەنی ڕۆڵێکی دیاریکراون لە چۆنێتی داڕشتن و وەرگرتنی بڕیارێکی تایبەت بە سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت.

شایەنی ئاماژە بۆکردنە، لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، زانیارییەکان و سەرچاوەی وەرگرتنی زانیارییەکان زۆر گرنگن، بەڵام گرنگتر شێوازی مامەڵـەکردنە لەگەڵیاندا لەلایەن سەرکردەکانەوە، چونکە جیهانبینی سەرکردە ڕۆڵ دەبینێت لە مامەڵەکردنی لەگەڵ زانیارییەکاندا، زۆرجار سەرکردەکان بە گومانەوە لە زانیارییەکان دەڕوانن، یاخود گرنگییان پێنادەن، هێندەی لەژێرکاریگەریی بیروبۆچوونی خۆیاندان. لەبارەی شێوازی وەڵامدانەوەی دەوڵـەت بۆ فشارە

دەرەكییەكان، بونیادی سیستەمی نێودەوڵـەتی و كاریگەری ئەم گۆڕاوە دەرەكییەكانە لەسەر ڕەفتاری دەرەكی دەوڵەتان، تیۆریستانی ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ پێیان وایە كە وەڵامی كاربەدەستانی دەوڵەت بۆ فشارەكانی سیستەمەكە وەستاوەتە سەر ڕادەی تێگەیشتنی ئەو سەركردانە بۆ پاڵنەرەكان، دەرفەتاكان و پاشان فشارەكانی سیستەمەكە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە، ئاستی تێگەیشتوویی ئەم سەركردانە بۆ پێگەی دەوڵەتەكەیان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا[٣٦]. ئەمەش واتای ئەوەیە كە گۆڕینی تواناكان بۆ سیاسەتی ناوخۆیی كارێكی ئاڵۆزە و جێگیر نییە بەدیاریكراوی لە مەودا كورت و ناوەندییەكاندا. لەڕوانگەی گیدۆن ڕۆزەوە[٣٧]:

١. سەركردەكان هەمیشە بەشێوەیەكی دروست خوێندنەوە ناكەن بۆ فشارەكانی سیستەمەكە. دەگونجێت بەشێوەیەكی ناڕاست خوێندنەوە بۆ ژینگەی دەوروبەریان بكەن.

٢. سەركردەكان هەمووكات عەقلانی نین لە وەرگرتنی بڕیارەكانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتدا. عەقلانی بوون بەواتای لێكدانەوەی سوود و زیانی بڕیارە دەرەكییەكان لەسەر بەرژەوەندییەكانی دەوڵەت.

٣. ئەركی لەپێشینەی سەركردەكانی دەوڵەت وەڵامدانەوەی پەستان و فشارە دەرەكییەكانی سیستەمەكەیە، لەكاتێكدا سیستەمەكە بەشێوەیەكی ڕوون و ئاشكرا دەرفەت و هەڕەشەكان دروست دەكات، سەرەڕای ئەوەی كە سروشتی سیستەمە نێودەوڵەتییەكە ئاناركی و لێڵە "Murky".

٤. ئاستەنگە ناوخۆییەكان زۆرجاردەبنە ڕێگر لەبەردەم سەركردەكانی وەرگرتنی بڕیاری دەرەكی، بەواتا سەركردەكانیش زۆرجار ناتوانن سوود لە زۆری سەرچاوەكانی بەردەستیان وەربگرن و وەڵامی فشارە دەرەكییەكان بدەنەوە.

لەم ڕووەوە، توێژینەوەكە پێیوایە كە سەركردەكان:

یەكەم: كاریگەرن بە ژینگەی خودی:

١. مەبەست لە ژینگەی خودی سەركردە، سروشت و هەڵكەوتەی سەركردەیە. سەركردە هەیە توانای تێگەیشتن و شیكردنەوەی بۆ ڕووداوەكان خێرایە، بەم شێوەیەش وەڵامدانەوەی بۆ دەرفەت و مەترسییەكان خێرا دەبێت.

٢. سەركردە هەیە بە سروشتی خۆی كەسێكی دیكتاتۆرە، مەیلی بەلای خوێنڕشتنە، بڕوای بە پرەنسیپە دیموكراسییەكان نییە، یاخود پرەنسیپە دیموكراسییەكان دەخاتە خزمەت بەرژەوەندییە كەسییەكانی خۆیەوە چونكە بە نیگەرانییەوە لە هەڵسوكەوت و ڕەفتاری دەوڵەتانی دیكە دەڕوانێت.

دووەم: سەكردەكان كاریگەرن بە ژینگەی بابەتی:

١. مەبەست لە ژینگەی بابەتی سەركردە، ژینگەی چواردەوری سەركردەیە، فشار و كاریگەری ئەو ژینگەیە لەسەر ئەركەكان و بڕیارەكانی سەركردە. ژینگە دەرەكییەكە دەكرێت ژینگەی دەرەكی

---

[36]. Yoo, H. (2012). Domestic hurdles for systemdriven behavior: Neoclassical realism and missile defense policies in Japan and South Korea. <i>International Relations of the Asia-Pacific, pp. 317-348. http://www.jstor.org/stable/26155955

[37]. Rose, G., ibid, pp. 157-161.

دەوڵەت بێت یاخود ژینگەی ناوخۆیی بێت. ژینگەی دەرەوەی دەوڵەت دەرفەت و هەڕەشەکانە، هەرچی ژینگەی ناوخۆییشە مەبەست لێی ئاستەنگ و ڕێگرییە یاسایی و دامەزراوەییەکانە.

٢. دەگونجێت ژینگە بابەتییەکە هاریکار بێت یاخود ڕێگر بێت لەبەردەم بڕیارەکانی سەرکردە.

٣. سەرکەوتوویی سیاسەتە دەرەکییەکانی دەوڵـەت وەستاوەتە سەر توانا و لێهاتوویی سەرکردە لە خوێندنەوەی ژینگە بابەتییەکە.

سێیەم: ئاوەزمەندی سەرکردە، واتای گرنگیدان بە بژاردە جۆراوجۆرەکان سوود و زیانی بڕیارەکان و لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بڕیارە پەسەندکراوەکان.

چوارەم: ڕاستی و دروستی سەرچاوەی ئەو زانیارییانەی کە لە ژینگەی بابەتییەوە ئاڕاستەی سەرکردە دەکرێن. دواجار سەرچاوەی زانیارییەکان کاریگەریی لەسەر بڕیارەکان دروست دەکەن.

پێنجەم: هەندێك لە سەرکردەکان ئەو زانیارییانە ڕەت دەکەنەوە کە لەگەڵ خواست و ویست و بیرکردنەوەیاندا ناگونجێت، لەهەندێك بارودۆخدا بەرژەوەندیە کەسییەکان باڵادەستن بەسەر بەرژەوەندیە نیشتمانیەکاندا.

لەڕوانگەی د. موحەمەد سەید ئەلسەلیمەوە، لە دیارترین تایبەتمەندیە کەسییە سەلمێندراوەکانی سەرکردە کە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتەوە هەیە، بریتییە لەوەی کە سەرکردەکان دابەش دەبن بۆ "سەرکردەی کەسایەتی دەسەڵاتخواز، سەرکردەی خاوەن بیری کراوە لەگەڵ سەرکردەی خاوەن بیری داخراو هەروەها سەرکردەی کەسایەتیەك کە بوونی خۆی دەسەلمێنێت"[٣٨]. سەرکردەی دەسەڵاتخواز کەسایەتیەکە کە خواستی بۆ مانەوەی لە دەسەڵات بە ئامرازی نا شەرعی لە ئاستێکی بەرزدایە، ڕژێمە دیکتاتۆرەکان لەلایەن ئەم جۆرە سەرکردانەوە بەڕێوەدەبرێن. سەرکردەی دەسەڵاتخواز بەشێوازێکی خێراتر دەتوانێت بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت وەربگرێت ئەویش لەبەرئەوەی کە هیچ جۆرە فشار یاخود چاودێرییەکی بەسەرەوە نییە لەلایەن دامودەزگای دەوڵەتییەوە. کەسایەتییەکە زۆر لەژێر کاریگەری بیروباوەڕەکانی خۆیدایە. ئەم جۆرە سەرکردەیە ئەگەر لە داڕشتی سیاسەتی دەرەوەدا ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورەش نەبێتەوە، ئەوا زۆرجار لێکەوتەی بڕیارەکانیان بە نەرێنی کۆتایی دێت. زۆرجار، هەموو جوڵەیەکی دەوڵەتی نەیار بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی خۆی دەزانێت، چونکە بە گومانەوە لە سیاسەتی دەرەکی دەوڵـەتانی دیکە دەڕوانێت. ئەم جۆرە سەرکردەیە خاوەن عەقڵیەتێکی پیلانگێری و توانای دۆزینەوەی چارەسەری ماماوەندی کەمە چونکە زۆرتر لەژێرکاریگەری تێفکرینەکانی خۆیدایە. ئەدۆڵف هتلەر نموونەی ئەو جۆرە سەرکردانەیە لە مێژوودا کە لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕ و بیرکردنەوەی خۆیدا بووە[٣٩].

نوسەری ئەمەریکی "ستیفان واڵت Stephan Walt" لە ووتارێکیدا ڕەخنە لە سیاسەتی دەرەکی

[٣٨]. محمد السيد سليم، تحليل السيسة الخارجية،، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ص. ٣٨٧-٣٨٩.

[39]. Owen, J. M. (1999). Back to Realistic Realism: Tripolarity and World War II [Review of Deadly Imbalances: Tripolarity and Hitler's Strategy of World Conquest, by R. L. Schweller]. International Studies, p. 129-131, http://www.jstor.org/stable/3186375

ئەمەریکی دەگرێت لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا کە سەردەمی ئیدارەکەی دۆناڵد ترەمپە (٢٠١٦-٢٠٢٠)، بە شکستخواردوو لەقەڵەمی دەدات، هۆکارەکەش بۆ خودی سەرکردە ئەمەریکییەکە دەگەڕێنێتەوە کە کەسایەتی شارەزا و لێهاتوو نەبووە لە ئیدارەدانی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتێکی بەهێزی وەك ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا[٤٠]. سەبارەت بە خۆسەلماندنی سەرکردە، بە گەڕانەوە بۆ توێژینەوەیەکی ئەبراهام ماسلۆ، د. موحەمەد سەید ئەلسەلیم، ئاماژە بە چەمکی خۆسەلماندن دەکات کە ڕەهەندێکی گرنگی کەسایەتییە. ئەم کەسایەتیە بە کۆمەڵێك ڕەهەند جیا دەکرێتەوە لە گرنگترینیان تێرکردنی پێداویستییە سروشتیەکانە هاوشێوەی هەستکردنی سەرکردە بە ئاسایش و ئینتیما، هەستکردن بە ڕێزگرتنی خود، ئەم ڕەهەندانە وا لە سەرکردە دەکات کە هەست بە متمانە بکات لە جیهانی دەرەوەدا. لەبارودۆخی هەستکردنی سەرکردە بە نەبوونی ڕێز، پەنادەباتە بە جەنگ و داگیرکاری لەپێناو سەلماندنی خود وەك پاساوێك بۆ قەرەبووکردنەوەی بێ ڕێزیەکەی[٤١].

لەلایەکی دیکە، ڕۆبێرت جەرفیز دەڵێت: "جیاوازی نێوان بەرپرسانی سیاسەتی دەرەکی بەتەنها بەهۆی جیاوازی ئەو سیاسەتانەوە نییە کە جێبەجێی دەکەن بەڵکو زۆرتر بەهۆی لێهاتوویی و شارەزاییانەوەیە لە بەدەستهێنانی ئامانجەکان لەڕێگەی خوێندنەوەیەکی ووردی پێدراوە هەرێمی و جیهانیەکان و پاشان مسۆگەرکردنی پشتیوانی جەماوەر بۆ پارێزگاریکردن لە ئامانجەکانیان"[٤٢]. ئەوە سەرکردەکانن خاوەن بیرۆکەن، بە بیرۆکەکانیان دەتوانن ببنە هۆکاری داڕشتنی سیاسەتێکی دەرەکی چالاك کە دواجار کاریگەری دابنێت لەسەر سیاسەتی دەرەکی یەکەکانی دیکە. لەم ڕووەوە، لەبارەی گرنگی بیرۆکەکانەوە، هەردوو نووسەر"جودیس گۆڵدشتاین لەگەڵ ڕۆبەرت کیۆهین- Judith Goldstein& Robert Keohane" لە پەرتوکێکیاندا بەناونیشانی "بیرۆکەکان وسیاسەتی دەرەوە- Ideas and Foreign Policy" ئاماژە بەوە دەدەن کە "بیرۆکەکان- ئەوان بیرۆکەکان وەك بیروباوەڕ وێنا دەکەن- کە لەلایەن تاکە بڕیاربەدەستەکانەوە پارێزگارییان لێدەکرێت، کاریگەرییان لەسەر دەرئەنجامە سیاسییەکان دەبێت، بەدیاریکراوی ئەو دەرئەنجامەی کە پەیوەستە بە سیاسەتی دەرەکییەوە"[٤٣].

توێژەر نیکۆلاس کەیچن Nicolas Kitchen دەڵێت: " لە دیدی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێوە بونیادی سیستەمی نێودەوڵەتی، دەوڵەتان بە زانیارییەکان ئاشنا دەکات لەبارەی قازانج و زیانەکانی هەر کردەوەیەکی دیاریکراوی دەوڵەت، بەڵام ئەوەی کە چۆن ئەو زانیاریانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت پاشان چۆن هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، ئەوە وەستاوەتە سەر تێگەیشتنی خودی

[40]. Walt, Stephen, (2019), The Tragedy of Trump's Foreign Policy, Available at: https://foreignpolicy.com/2019/03/05/the-tragedy-of-trumps-foreign-policy/

[٤١]. محمد سيد سليم، المصدر السابق.

[42]. Robert Jervis, (2013), "Do Leaders Matter and How Would We Know?" Security Studies, vol. 22, no. 2, p. 156

[43]. Judith Goldstein& Robert O. Keohane, (2012), ideas and foreign policy: Belief, Institutions and Political Change, CORNEL UNIVERSITY PRESS. p. 2.

دەوڵەتەکە لە سیاسەتی جیهانی لەگەڵ ئەولەویاتەکان و بیروبۆچوونی سەرکردەکانی دەوڵەتەکە"[٤٤]. دەکرێت بڵێین کە سەرکردەکان بە گرنگترین کۆڵەکەی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت هەژمار دەکرێن چونکە ئەوانن کە هەڵسوڕێنەری بیرۆکە، نەخشە و پلانەکانن، خاوەنی دوونیابینی خۆیانن. سەرکردەکان دەتوانن پێگەیەکی بەهێز یاخود لاوازی دەوڵـەت پیشانی جیهانی دەرەوە بدەن ئەویش بەگوێرەی ڕادەی تێگەیشتنیان بۆ دەرفەت و هەڕەشە و مەترسییەکان.

**تەوەری دووەم: سیستەمی بیروباوەڕی نیشتمانی**

لایەنگرانی ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ سیستەمی بیروباوەڕلە بیرۆکەکان، دابونەریتەکان و نۆرمەکان، ئایدۆلۆژیای دەوڵەت و نەتەوەخوازییدا دەبیننەوە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ئاسایشی نیشتمانی دەوڵەتەوە هەیە و کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت دادەنێن. سیستەمی بیروباوەڕی نیشتمانی لە قوڵایی بیرکردنەوەی سەرکردەکان، چینی بژاردە و هاوڵاتیاندا هەیە. ئەم تیۆرە گفتوگۆی ئەوە دەکات کە گۆڕاوەکان لەسەر ئاستی یەکەکان لە نموونەی بیروباوەڕەکان و تێگەیشتنی سەرکردەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتدا ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە گرتنبەری ستراتیژیەتێکی باڵادا[٤٥]. ئەم سیستەمە دەتوانێت ڕەفتاری بڕیاربەدەستان لەقاڵب بدات لەڕێگەی "بە کۆمەڵایەتیکردن و بەدامەزراوەییکردنی بەهاکان، نۆرمەکان و یاساکان". ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ پێیوایە بیروباوەڕی نیشتمانی لەژێر کاریگەری کەلتووری کۆمەڵگەدایە و بۆ کلتووری ستراتیژی و کلتووری بیرۆکراسی پۆلێنی دەکات. ئەو تێگەیشتن و بیروباوەڕەی کە پێی وایە هێزی سەربازی دەوڵەت دەبێت زۆرتر لەپێناو بەرگری لەخۆکردن بێت لەبری هێرشکردنە سەر دەوڵەتانی دیکە، تێگەیشتنێکە سەرچاوەکەی بۆ تیۆری ئاشتی دیموکراسی دەگەڕێتەوە کە پێیوایە دەوڵـەتە دیموکراسیەکان هەرگیز هێزی سەربازی دژی یەکتر ناجولێنن[٤٦]، چونکە لەهەناوی سیستەمی بیروباوەڕی دەوڵەتە دیموکراسیەکاندا کەلتووری یەکترقبوڵ کردن باڵادەستە. هەرچی کلتووری ستراتیژییە بریتییە لە بەگەڕخستنی سەرچاوە دەرەکی و ناوخۆییەکان لەپێناو ئاسایشی دەوڵەتدا. ستراتیژیەتی باڵا بەتەنها لەهێزی سەربازیدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو هەموو تواناکانی دیکەش دەگرێتەوە کە دەوڵەت دەتوانێت لەجەنگ و لە ئاشتیدا سوودیان لێببینێت[٤٧].

لەلایەکی دیکەوە، ئایدۆلۆژیای دەوڵەت وەك سیستەمی بیروباوەڕی نیشتمانی کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵـەت جێدەهێڵێت. توێژەر "فەرید زەکەریا "Farid Zakaria لە

[44]. Kitchen, Nicholas. 2010. “Systemic Pressures and Domestic Ideas: A Neoclassical Realist Model of Grand Strategy Formation.” Review of International Studies 36 (1): 117–143.

[45]. Richard Rosecrance and Arthur Stein, (1993), Beyond Realism: The Study of Grand Strategy, Ithaca, N.Y.: Cornell University Press, p. 5.

[46]. Russett, B., Layne, C., Spiro, D., & Doyle, M. (1995). The Democratic Peace. <i>International Security, </i> <i>19</i>(4), 164-184. doi:10.2307/2539124

[47]. Richard Rosecrance& Arthur Stein, ibid, p. 4.

توێژینەوەیەکیدا بەناونیشانی "سەرهەڵدانی سیستەمە دیموکراسیە نا لیبڕاڵەکان The Rise of Illiberal Democracy"، ئاماژە بە ئایدۆلۆژیای لیبڕالیزمی دیموکراسی دەکات کە ئەمەریکا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە بانگەشەی بۆ دەکرد بەرانبەر بە ئایدۆلۆژیا کۆمۆنیستیەکان. لەڕوانگەی لیبڕالیزمی دیموکراسییەوە، کۆمۆنیزم لەگەڵ بەهاکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و ئازادیە گشتییەکان گوجاو نەبوو. بۆیە، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانە لیبڕالەکانی لە سیاسەتی دەرەکی خۆیاندا دژایەتی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزمیان دەکرد[٤٨]. لایەنێکی دیکەی سیستەمی بیروباوەڕی نیشتمانی بریتییە لە خواستە ناسیۆنالیستییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتان. بۆ نموونە، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا هەمیشە پارێزگاریکردن لە ناسنامەی تورکبوون و باڵادەستی نەتەوەی تورك هاندەرێکی سەرەکی بووە لە سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتی تورکیای مۆدێرندا.

هەر لەبارەی کاریگەری سیستەمی بیروباوەڕەوە لەسەر سیاسەتی دەرەکی، نووسەر"هایۆن جوو یوو Hyon Joo yoo " بەراوردی دوو سیاسەتی جیاوازی هەردوو دەوڵەتی یابان و کۆریای باشوور دەکات لەبارەی دانانی سیستەمی دژە مووشەکی ئەمەریکی لەباشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. توێژەر هۆکاری جیاوازی وەڵامدانەوەی ئەم دوو دەوڵەتە لەمەڕ ئەم سیستەمە مووشەکیە ئەمەریکیە گەڕاندوەتەوە بۆ بوونی جیاوازی لە سیستەمی بیروباوەڕی یابانیەکان و کۆرییەکان. بۆ نمونە لە بیروباوەڕی نیشتمانی یاباندا، هەڕەشە دەرەکییەکان بەتەنها لە کۆریای باکوورەوە نین، بەڵکو دەوڵەتی چینیش بەهەمان شێوە سەرچاوەی هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی نیشتمانی یابانی، لەکاتێکدا بۆ کۆریای باشوور، هەڕەشەی مەترسیدار زۆرتر لە کۆریای باکوورەوە دێت، چونکە ئەو سیستەمە دژە مووشەکیەی کە ئەمەریکا جێگیری کردووە بەتەنها بەس نییە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی کۆریای باکوور[٤٩].

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، سیستەمی بیروباوەڕی نیشتمانی بە تەنها لە بیروباوەڕی سەرکردە و چینی بژاردە کورت ناکرێتەوە، بەڵکو بیروباوەڕی نیشتمانی تاکەکانیش کاریگەریان لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت هەیە. د.موحەمەد سەید ئەلسەلیم لە کتێبەکەی خۆیدا لەچوارچێوەی چەمکی "ئاڕاستەکانی کۆمەڵگە- توجهات المجتمع" ئاماژەی بەم بابەتە کردووە بە ئامرازێکی کاریگەری سەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتی هەژمار کردووە. ئەم نووسەرە پێیوایە کە ئاڕاستەکانی کۆمەڵگە کۆمەڵە بیروبۆچوونێکی باوی نێو کۆمەڵگەیە کە پاشخانێکی هزری و ڕۆشنبیریان لەپشتە کە لەرێگەیەوە تاکەکان جیهانبینی خۆیان بەرانبەر بە سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتەکەیان بەیان دەکەن. هاوکات، نووسەرئاڕاستەکانیشی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکردووە[٥٠]:

یەك/ ڕۆشبیری سیاسی: مەبەست لە ڕۆشنبیری سیاسی تاك، دیدوتێڕوانینی تاکەکانە بۆ

[48]. Zakaria, F. (1997). The Rise of Illiberal Democracy. Foreign Affairs, 76(6), 22–43. https://doi.org/10.2307/20048274

[49]. Yoo, H. , ibid, p. 319.

[٥٠]. محمد سيد سليم، المصدر السابق، ص. ٢٠٢-٢١٢.

دەسەڵات، پرۆسەی سیاسی و شێوازی حکومڕانێتیکردن لەلایەن کاربەدەستانەوە. ڕۆشنبیری سیاسی دوو جۆری هەیە، ڕۆشنبیری سیاسی چالاك و ڕۆشنبیری سیاسی نا چالاك.

دوو/ سیستەمی بیروباوەڕی کۆمەڵگە: بیروباوەڕی کۆمەڵگە ئەو بیروباوەڕە سیاسیانەیە کە تاکەکان بڕوایان پێی هەیە. ئەم بیروباوەڕە کاریگەرە بە مێژووی کۆمەڵگە، ئەزموونی کۆمەڵگە، کلتوور و ئاین.

سێ/ ئایدۆلۆژیا: چەمکی ئایدۆلۆژیا بەراورد بە سیستەمی بیروباوەڕی نیشتمانی بەرتەسکترە. تاکە ئایدۆلۆژییەکان بەشێوەیەکی نموونەیی داواکارییەکانیان پێشکەش بە دەسەڵات دەکەن و دەیانەوێت لەڕێگەی فشارەکانیانەوە خواستەکانیان بەدیبێنن.

**تەوەری سێیەم: پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت:**

بۆ لایەنگرانی تیۆری ریالیزمی کلاسیکی نوێ پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت واتای پەیوەندی نێوان دامەزراوە فەرمیە دەوڵەتیەکان لەگەڵ گروپ و دامەزراوەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگە دەگەیەنێت. کۆمەڵگە لە تاکەکان و گروپە جیاوازەکان پێکهاتووە لە نموونەی پارتە سیاسیەکان، گروپەکانی فشار یان گروپەکانی بەرژەوەندی، دامەزراوە رۆشنبیری و هونەری و میدیاییەکان. ئەم پێکهاتە کۆمەڵگەییانە دەتوانن کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت جێبهێڵن لە ڕێگەی دروستکرنی رای گشتییەوە. لێرەدا ئەوەی کە گرنگە بریتیە لە رادەی سازان و یەکانگیری کۆمەڵگە لەگەڵ سیاسەتەکانی دامەزراوە دەوڵەتییەکان[٥١](Ripsman, Taliaferro,& Lobell,ibid:188-191). ئەوکاتەی کە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوانی دەوڵەت و کۆمەڵگە، سیاسەتی دەرەکی بەهێز دەبێت. ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بێ کێشەن، بێ کێشە واتا پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەشێوەیەکی ئاشتەوایی پێکەوە دەژین، حکومەتەکانیان خاوەن سیاسەتێکی دەرەکی کاریگەرن. بەرزی ئاستی لێبووردەیی و یەکترقبوڵکردنی پێکهاتە کۆمەڵگەییە جیاوازەکان سەردەکێشێت بۆ سەقامگیری ناوخۆیی، ئاسایش و پێشکەوتنی ئابووری و بازرگانی[٥٢].

لەڕووی سەقامگیری سیاسی و ئەمنیەوە، بێگومان جیاوازیەکی بەرچاو هەیە لەنێوانی ئەو ڕژێمانەی سەقامیگریيان هەیە لەگەڵ ڕژێمێکی سیاسی کە بەدەست چەندین کێشەی ناوخۆیی سیاسی و ئەمنیەوە دەناڵێنێت. سەقامگیری سیاسی سەرچاوەی بەرەوپێشچوونی دەوڵەتە لەسەر هەردوو ئاستە ناوخۆیی و دەرەکییەکە، لە هەموو کایەکانی ئابووری، سیاسی، دیپلۆماسی و سەربازی[٥٣]. پشتیوانی کۆمەڵگە بۆ دەوڵەت ئەو خواستە بۆ دەوڵەت فەراهام دەکات. دەوڵەتێکیش پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەدا لە ئاستێکی باڵادابێت، بێگومان دەتوانێت بیر لە پارێزگاریکردن

[51].Ripsman, Taliaferro& Lobell, ibid, pp. 188-191.

[52]. Christian, W. & Ronald, I. (2009), Political Culture, Mass Beliefs, and Value Change in Democratization, (Oxford: Oxford University Press. p. 28.

[٥٣]. مروة عبدالمنعم، (٢٠٢١)، الثقافة السياسية واالستقرار السياسي: دراسة حالة دولة اإلمارات العربية ((٢٠٢٠-٢٠٠٤، مجلة كلية السياسة واالقتصاد، القاهرة، العدد (١١). ص، ١٥.

له بەرژەوەندیە دەرەکییەکانی بکاتەوە لەڕێگەی بەهێزترکردنی سیاسەتە دەرەکییەکانی ئەویش لە میانەی دروستکردنی هاوپەیمانێتی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەڕێگەی هاوسەنگیکردنی هێزەوە یاخود وەستاوەنەوە بەڕووی فشارە دەرەکییەکان[٥٤]. بەپێچەوانەوەشە، شڵەژاوی دۆخە ناوخۆییەکە و لاوازی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت یان کۆمەڵگە و دەسەڵاتداران هۆکاری سەرەکی دەبێت لە بێسەروبەری سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت، لەبەرئەوەی بە کاریگەری دۆخە سیاسییە ناوخۆییە ناسەقامگیرەکە، دەسەڵاتداران و بڕیاربەدەستانی سیاسەتی دەرەکی ناچارن گرنگی بە پارێزگاریکردن لە دۆخی ناوخۆیی دەوڵەت بدەن چونکە ئاسایش و سەقامگیری دەوڵەت لەسەروو هەموو شتێکەوە دەبینن. ڕانداڵ شوێڵەر لەمیانەی توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی "هەڕەشە وەڵامنەدراوەکان "Unanswered Threats"، ئاماژە بەو دۆخە دەدات کە دەوڵەت بەهۆی پەرتەوازەیی ناوخۆییەوە توانای ئەنجامدانی هاوسەنگی هێزی دژی نەیارەکانی نییە. بەبڕوای توێژەر "underbalancing"، ئەو دۆخەیە کە دەوڵەت ناتوانێت هاوسەنگی هێز دژی دەوڵـەتە نەیار و دەستدرێژیکارەکان ئەنجام بدات ئەویش بەهۆی سێ هۆکارەوە[٥٥]:

١. سەرکردەکان توانای وەڵامدانەوەی پەستان و فشارە ناوخۆییەکانیان نییە. ئەم دۆخە زۆرتر لە کۆمەڵگە فرەییەکاندا کە لەلایەن ڕژێمە سیاسییە لاوازەکانەوە بەڕێوەدەبرێن بەربڵاوە. لەم کۆمەڵگایانەدا پەرتەوازەیی هەیە لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ دەسەڵاتدا.

٢. ئەگەرهەیە تێچووی مەترسییە ناوخۆییەکانی هاوسەنگیکردن زۆر زیاتربێت بەراورد بە ئەنجامنەدانی.

٣. دابەشبوونی ناو چینی دەستەبژێری دەسەڵاتدارهۆکارێکی دیکەیە بۆ لاوازبوونی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت. چونکە لەدۆخێکی لەوشێوەیەدا بەهۆی ناکۆکییەکانەوە ئەگەری وەرگرتنی بڕیارێکی دروستی سیاسەتی دەرەکی زۆر کەمە.

هەر لەبارەی پرسی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت و کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەکی، توێژەر" زارا حوسەین "Zaara Hussain"، لەتوێژینەوەیەکیدا ئاماژە بە دوو فاکتەری ناوخۆیی کاریگەر لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت دەکات ئەوانیش، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی. توێژەر ئاماژە دەدات بەوەی کە ڕاگەیاندنەکان پرسەکان دەوروژێنن و فشار بۆ سەر بەرپرسان دروست دەکەن لەڕێگەی دروست کردنی ڕای گشتییەوە[٥٦]. بەشێوەیەکی گشتی، تێڕوانینەکان بۆ کاریگەری ڕای گشتی لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت، دوو لایەنیە، هەندێك لە توێژەران پێیانوایە کە ڕای گشتی کاریگەری نییە لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت، بەشێکی زۆر لە

---

[54]. Miyaoka, Isao. (2000). State-Society Relations under Foreign Pressure: Two Contrasting Cases in the Japanese Fisheries Policy Community. Japanstudien. 11. 135-161. 10.1080/09386491.2000.11826860.

[55]. Schweller, R. Unanswered Threats, ibid, p. 159- 201.

[56]. Zaara Hussain, (2011), The Effect of Domestic Politics on Foreign Policy Decision Making, at: www.e-ir.info/2011/02/07/the-effect-of-domestic-politics-on-foreign-policy-decision-making/

لایەنگرانی ڕیالیزمی نوێ دەچنە ئەم خانەیەوە[٥٧]، یاخود دەڵێن لە نێوان توێژەراندا کۆدەنگییەك نییە سەبارەت بە کاریگەری ڕای گشتی لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت[٥٨]. بەپێچەوانەوە، هەندێکی دیکە پێیان وایە کە ڕای گشتی کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت. لیبرالیستەکان دەچنە ئەم چوارچێوەیەوە[٥٩]. لایەنگرانی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ وەك گۆڕاوێکی ناوخۆیی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ ڕای گشتی نەکردووە، بەڵکو لەچوارچێوەی گۆڕاوی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە ودەوڵەت ئاماژەیان پێداوە بەدیاریکراویش لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا[٦٠].
کەواتە دەکرێت ڕای گشتی وەك گۆڕاوێکی ناوخۆیی کاریگەر لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت پۆلێنی بکەین. لەم ڕووەوە هێزی ڕای گشتی، جۆری سیستەمی حکومڕانی لەگەڵ جۆری ئەو بابەتەی وورووژێنراوە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دروست دەکەن. مەبەست لە سروشتی ڕای گشتی شێوازی پێکهاتنی، ئامرازەکان و ئامانجەکان لە دروست بوونی ڕای گشتییە. جۆری سیستەمی حکومڕانیش واتا کاریگەری ڕای گشتی لە ڕژێمە دیموکراسیەکان جیاوازە بەراورد بە ڕژێمە نادیموکراسییەکان. لە ڕژێمە دیموکراسییەکاندا هەمیشە بوارێکی بەرفراوان جێهێڵدراوە بۆ دروست بوونی ڕای گشتی چونکە هاوڵاتی بە یاسا مافەکانی پارێزراوە لەکاتێکدا لەڕژێمە نا دیموکراسییەکاندا ئەم تایبەتمەندیە بوونی نییە. چینی دەسەڵاتدار ڕێگە لە دروست بوونی ڕای گشتی دەگرێت بە ڕێگریکردن لە بەشداری سیاسی هاوڵاتیان. هەر لەبەر ئەوەشە، لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا هەمیشە هاوڵاتیان لەڕێگەی دروستکردنی ڕای گشتییەوە دەتوانن فشار لەسەر کاربەدەستان و بڕیاربەدەستانی دەوڵەت دروست بکەن بە وەرگرتنی بڕیارێکی تایبەت بە سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتەکەیان[٦١].

### تەوەری پێنجەم: دامەزراوە ناوخۆییەکان

تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەت، شێوازی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی نێوان ئەو دامەزراوانە وەك گۆڕاوێکی ناوخۆیی سەرەکی دەبینێت لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت. لەم ڕووەوە، سیستەمە سیاسییەکان کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەکی. سیستەمی سیاسی پەرلەمانی جیاوازە

[٥٧]. تامر عبدالحميد محمد مرتضى،(٢٠١٦)، الرأى العام والسياسة الخارجية، متوفرعلى:
https://democraticac.de/?p=28190

[58]. Hamilton, S. & Tiilikainen, T, (2018), Domestic Determinants of Foreign Policy in the European Union and the United States, FIIA, p. 81.

[59]. Souva, M. (2005), Foreign Policy Determinants: Comparing Realist and Domestic-Political Models of Foreign Policy, Routledge. p. 154. DOI: 10.1080/07388940590948574

[60]. Ripsman, Taliaferro& Lobell, ibid, p. 171.

[61]. Thomas Knecht, M& Weatherford, S , (2006), Public Opinion and Foreign Policy: The Stages of Presidential Decision Making, International Studies Quarterly, Volume 50, Issue 3,705–727. doi.org/10.1111/j.1468-2478.2006.00421.x

لەگەڵ سیستەمی سەرۆکایەتی. لە سیستەمی پەرلەمانیدا، بەوپێیەی سەرۆك وەزیران، وەزیری دەرەوەی دەوڵەت و بەرپرسانی دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە سیاسەتی دەرەکی بە گوێرەی یاسا و دەستوور و پاڵپشت بە زۆرینەی پەرلەمانی دەسەڵاتی زۆریان هەیە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی تایبەت سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت. واتا هەماهەنگییەکی زۆر لەنێوان دامەزراوە ناوخۆییەکانی وەك دامەزراوەی جێبەجێکردن و دامەزراوەی یاسادانادا هەیە[٦٢]. بەڵام لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا، هەرچەندە سەرۆکی دەوڵەت بەگوێرەی دەستوور دەسەڵاتێکی زۆری هەیە لە وەرگرتنی بڕیارەکانی تایبەت بە سیاسەتی دەرەکی، بەڵام دەسەڵاتەکانی لەبواری سیاسەتی دەرەکی بەتەنها نییە، بەڵکو دامەزراوەی یاسادانیش بە هەمان شێوە ڕۆڵی هەیە. بۆ نموونە، لەئەمەریکا، کۆنگرێس لە زۆر بواری وەك ڕاگەیاندنی جەنگ، ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەیەك لەگەڵ وڵاتانی دیکە، توانای بەکارهێنانی پسپۆڕێتیە دەستووریەکانی هەیە[٦٣].

لەلایەکی دیکەوە، شێوازی حکومڕانێتیش بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت هەیە. لەو دەوڵەتانەی کە فۆرمی بەڕێوەبردنیان بەشێوەیەکی دیموکراسیە، سیاسەتی دەرەکیان زۆرتر ڕەنگدەرەوەی بەرژەوەندیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانە پاڵپشت بەو ڕاستیەی کە لەسیستەمە دیموکراسیەکاندا چاودێرییەکی ڕاستەقینە هەیە لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات، کاربەدەستانیش پارێزەرێکی بەهێزی بەرژەوەندیەکانن. هاوڵاتیانیش ڕۆڵیان هەیە لە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی بەرپرسانی دەوڵەت. واتا دەسەڵاتداران لەبەردەم ئاستەنگی دامەزراوەیی و جەماوەرییدان. هەروەك ئەم گۆڕاوە ئەوە نیشان دەدات کەوا ڕژێمە دیموکراسییەکان ناچنە جەنگەوە دژی یەکدی[٦٤]، لەبەرئەوەی خواستێکی گەورە هەیە لەلایەن ئەم جۆرە ڕژێمانەوە بۆ ئەنجام نەدانی جەنگ و دەستدرێژی دژی یەکتری[٦٥]، هەروەك تیۆری ئاشتی دیموکراسی بانگەشەی بۆ دەکات[٦٦]، لەکاتێکدا لە سیستەمە نا دیموکراسیەکاندا بەپێچەوانەوەیە، چونکە کەسی دەسەڵاتدار لەلایەن دەزگایەکی فەرمی حکومیەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێت. دەزگاکانی یاسادان و چاودێری چالاك نین لە چاودێری کردن و لێپرسینەوەی کاربەدەستان لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەرەوە[٦٧]. بەڵام سەبارەت بەو گریمانەیەی کە ئایا ڕژێمە دیموکراسییەکان ئاشتیخوازترن بەراورد بە

---

62. Noulas, G. (2011), The Role of Parliamentary Diplomacy in Foreign Policy, available at: https://www.foreignpolicyjournal.com/2011/10/22/the-role-of-parliamentary-diplomacy-in-foreign-policy/

63. Bojang AS (2018), the Study of Foreign Policy in International Relations. J Pol Sci Pub Aff 6, p. 337, doi:10.4172/2332-0761.1000337

64. Levy, J. S. (1988). Domestic Politics and War. The Journal of Interdisciplinary History, 18(4), 653–673. https://doi.org/10.2307/204819

65. Doyle, M. W. (1983). Kant, Liberal Legacies, and Foreign Affairs. Philosophy & Public Affairs, 12(3), 205–235. http://www.jstor.org/stable/2265298

66. Russett, B, (2009), “Democracy, War and Expansion through Historical Lenses,” European Journal of International Relations, p. 11-12.

67. Smith, A, (1996), Diversionary Foreign Policy in Democratic Systems, International Studies

ڕژێمە تۆتالیتارەكان، توێژەرانی ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ لە نموونەی ڕاندال شوێلەر لە توێژینەوەیەكیدا لەبارەی "جەنگی خۆپارێزییەوە "Preventive War"، پێی وایە كە هێشتا لەنێوانی توێژەراندا كۆدەنگییەك لەبارەی جۆری ڕژێمی سیاسی وجەنگەكان بوونی نییە و هاوكات شیكارییە كردارییەكان "empirical analysis" لەبارەی ئەم گریمانەیەوە هێشتا كۆدەنگی بەدەست نەهێناوە، چونكە ئامانج لە جەنگەكان یان لەپێناو دەستدرێژیكردندا ئەنجامدراوان یاخود بۆ بەرگریكردن بووە"[٦٨].

## پاری سێهەم

## گۆڕاوە پاشكۆكان

لایەنگرانی ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ ئەم گۆڕاوە بۆ دوو گۆڕاوی لێكەوتەكانی سیستەمی نێودەوڵەتی لەگەڵ بژاردەكانی سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت پۆلێن دەكەن. لێكەوتەكانی ناو سیستەمی نێودەوڵەتی وەك ڕووداوەكانی جەنگ و ئاشتی، بژاردەكانیش واتا بوونی زیاد لە یەك بژاردە لەكاتی دروستبوونی قەیران و وەرگرتنی بڕیارێكی پێویستی سیاسەتی دەرەكی. ئەم دوو گۆڕاوەش كرۆكی پرۆسەی دروستكردنی سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت پێكدێنن[٦٩]. ڕەهەندی كات لەم گۆڕاوەدا گرنگی هەیە. لە ئەگەری دروستبوونی تەنگەژەیەك یاخود ململانێیەكدا، زۆرجار وادەخوازێت دەوڵەت كاردانەوەی خێرا یاخود هەڵوێستی خێرای هەبێت لەڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتێكی گونجاوەوە، ئەم سیاسەتەش كاریگەرە بە پێگەی ڕێژەیی هێزی مادی دەوڵەت لەگەڵ ڕێژەی ئەو دەسەڵاتەی لە دەستی دەوڵـەت و حكومەتدایە بەراورد بە كۆمەڵگە[٧٠]، هەروەك ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ لە چوارچێوەی گۆڕاوی پەیوەندییەكانی دەوڵەت و كۆمەڵگە ڕوونی دەكاتەوە.

ئاشكرایە كە تیۆری ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ دەوڵەت وەك یەكەیەكی ناوەندی دەبینێت لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. ڕەفتاری دەوڵەتیش كاریگەرە بەو پێگە ڕێژەییەی كە لەسیستەمەكەدا هەیەتی. بەڵام دەوڵەت لە هەوڵی زیاتركردنی پێگەكەی خۆیدایە بەچەند شێوازێك لەوانە، هاوسەنگی كردن دژی دەوڵەتی دیكە، چوونە پاڵ یاخود خۆخستنە پاڵ دەوڵەتێكی بەهێزتر (Bandwagoning)، یان چوونە ناو هاوپەیمانێتییەكەوە[٧١]. تاكو دەوڵەت كاتی زۆرتری لەبەردەستدا بێت، بژاردەكانی بەردەمی زۆرتردەبن، ئەوكاتیش بڕیارەكانی تایبەت بە سیاسەتی دەرەكی

Quarterly, (40), 133-153.

[68]. Schweller, R. L. (1992). Domestic Structure and Preventive War: Are Democracies More Pacific? World Politics, 44(2), 235–269. https://doi.org/10.2307/2010448

[69]. Schafer, M., & Crichlow, S. (2002). The “Process-Outcome” Connection in Foreign Policy Decision Making: A Quantitative Study Building on Groupthink. International Studies Quarterly, 46(1), 45–68. http://www.jstor.org/stable/3096118

[70]. Alons, G. C. (2007). Predicting a State’s Foreign Policy: State Preferences between Domestic and International Constraints. Foreign Policy Analysis, 3(3), 211–232. Available at: http://www.jstor.org/stable/24907232

[71]. Ripsman, Taliaferro & Lobell, ibid. pp. 1-46.

بەشێوەیەکی ووردتر وەردەگیرین، ئەم ڕاستییە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت بە دوو شێوە دەناسرێتەوە، یان سیاسەتێکی ئاڕاستەکەری چالاکە، یاخود سیاسەتێکە زۆرتر کاردانەوەیە بەرامبەر بە جوڵە و سیاسەتەکانی دەوڵەتانی دیکە. هەرچەندە ئەو دەوڵەتەی کە پێگەی ڕێژەیی هێزی کاریگەرترە خاوەنی سیاسەتێکی دەرەکی ئاڕاستەکەرە، واتا سیاسەتێکە لەدۆخی کاردایە، بەراورد بە دەوڵەتێکی لاواز کە سیاسەتە دەرەکییەکەی زۆرتر بریتی دەبێت لە کاردانەوە بەرانبەر بە ڕەفتاری سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتانی لەخۆی بەهێزتر[٧٢]. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێکجار زلهێزەکانی ناو سیستەمی نێودەوڵەتی ناچاردەبن سیاسەتی دەرەکی بەشێوەی کاردانەوە هەڵبژێرن. بۆ نموونە، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پاش ئەوەی پەی بەوە برد کە یەکێتی سۆڤێت سەکۆی مووشەکی ئەتۆمی لە کوبا جێگیرکردووە، واشنتۆن ناچاربوو کاردانەوەی خێرای هەبێت ئەویش لەڕێگەی وەرگرتنی بڕیاری توندی سیاسەتی دەرەکییەوە دژبە یەکێتی سۆڤێت[٧٣]. لەبەرئەوەی ئەوکات هەردوو دەوڵەتەکە خاوەن پێگەیەکی بەهێزی جیهانی بوون، کاروکاردانەوەکانی نێوانیان تەنگەژە و قەیرانێکی جیهانی دروست کرد.

**خشتەی ژمارە(٤)/ پوختەیەك لە گریمانەی هەرسێ گۆڕاوی سەربەخۆ، ناوەندی و پاشکۆ لەڕوانگەی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێوە**

| گۆڕاوە سەربەخۆکان | گۆڕاوە ناوەندییەکان | گۆڕاوە پاشکۆکان |
| --- | --- | --- |
| بۆ دوو گۆڕاوی سەرەکی دابەش دەبن:<br>١. گۆڕاوی ڕوونی و ئاشکرایی دەرفەت و مەترسییەکان.<br>٢. گۆڕاوی ستراتیژی هاریکارانە و گۆڕاوی ستراتیژی ناهاریکارانە:<br>بابەتی گرنگ لەچوارچێوەی ئەم گۆڕاوەدا بریتیە لە:<br>١. چۆنێتی دابەشبوونی هێز لەنێوان دەوڵەتاندا لەڕووی توانا سەربازی، ئابووری، تەکنەلۆجی و دیپلۆماسیەکان.<br>٢. پێگەی ڕێژەیی هێزی دەوڵەتان وەك یەك نییە، بەڵکو سیستەمی نێودەوڵەتی لە دەوڵەتی زلهێز، گەورە، مامناوەند و دەوڵەتی لاواز لەڕووی هێزەوە پێکهاتووە.<br>٣. ڕەفتاری دەوڵەتان بەگوێرەی جۆری جەمسەربەندی سیستەمی نێودەوڵەتی دەگۆڕێت. | بۆ پێنج گۆڕاوی سەرەکی دابەش دەبن:<br>١. جیهانبینی و تێگەیشتنی سەرکردەکان<br>٢. سیستەمی بیروباوەڕی نیشتمانی<br>٣. پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت<br>٤. ڕای گشتی<br>٥. دامەزراوە ناوخۆییەکان: | بۆ دوو گۆڕاوی سەرەکی دابەش دەبن:<br>یەکەم: لێکەوتەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی وەك جەنگ و ئاشتی<br>دووەم: بڕاردەکانی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت |

سەرچاوە: (خشتەکە لەلایەن توێژەرانەوە ئامادەکراوە)

---

[72]. Moon, B. E. (1983). The Foreign Policy of the Dependent State. International Studies Quarterly, 27(3), 315–340. https://doi.org/10.2307/2600686

[73]. Kokoshin, A, (2012), Reflections on the Cuban Missile Crisis in the Context of Strategic Stability, Belfer Center for Science and International Affairs. p. 14.

دواجار، تیۆری ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ، تیۆرێكە بۆ شرۆڤەكردنی سیاسەتی دەرەكی دەوڵـەتان. ئەم تیۆرە لە هەناوی قوتابخانەی ڕیالیزمەوە سەرچاوەی گرتووە. دەوڵەت وەك یەكەیەكی بنەڕەتی دەبینێت لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، بەڵام ئەو كەرەستانەی كە بەكاری دەهێنێت بۆشیكردنەوەی سیاسەتی دەرەكی بەراورد بە هەردوو مۆدێلی ڕیالیزمی كلاسیك و ڕیالیزمی نوێ بەرفراوانترە لەڕووی بوارەكانی شیكردنەوەی سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت. ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ كە پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد، زۆرتر دەدرێتە پاڵ گیدۆن ڕۆز گرنگی بە سیاسەتە ناوخۆییەكان "Politics Domestic" دەدات لەمەڕ پرسی داڕشتنی سیاسەتی دەرەكی. ئەم بابەتەش خاڵی سەرەكییە كە ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ لە ڕیالیزمی كلاسیك و ڕیالیزمی نوێ جیادەكاتەوە. بۆ نموونە، بۆ ڕیالیزمی كلاسیك یاخود ڕیالیزمی نوێ تایبەتمەندی و سروشتی ڕژێمە دەسەڵاتدارەكان گرنگی نییە، لەكاتێكدا بۆ ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ پرسێكی گرنگە. بۆ ڕیالیزمی كلاسیك بەرژەوەندییە نیشتمانییەكان كاریگەری گەورەیان لەسەر ڕەفتار و سیاسەتە دەرەكییەكانی دەوڵەت هەیە، بۆ ڕیالیزمی نوێ، فاكتەرە سیستەمییەكان كاریگەری لەسەر ڕەفتاری دەوڵەت هەیە، بەڵام بۆ ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ، سەرەڕای ئەم گۆڕاوانە، سیاسەتە ناوخۆییەكان ڕەنگرێژی سیاسەتی دەرەكی دەوڵـەت دەكەن.

لە ڕوانگەی توێژەرانەوە، تیۆری ریالیزم كلاسیكی نوێ ئەگەرچی بەشێوەیەكی بەرفراوان شیكردنەوە بۆ سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت دەكات، بەڵام ئەم تیۆرەش لە ڕەخنە بەدوور نییە، سەبارەت بەخاڵە لاوازەكانی تیۆری ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ دەتوانین لە دوو خاڵدا بیانخەینەڕوو:

١. گریمانە تیۆرییەكانی ئەم مۆدێلە زۆرتر لە گریمانەی تیۆری كۆنسترەكتیڤیزم و لیبرالیزمەوە وەرگیراوە. كاتێك توێژەر دەیەوێت گرنگترین تێزەكانی ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ بخاتەڕوو، وا هەست دەكات مامەڵە لەگەڵ تیۆرێك دەكات لەدەرەوەی چوارچێوەی قۆتابخانەی تیۆری ڕیالیزم. بۆ نموونە، كاتێك ئاماژە بە گرنگی تایبەتمەندی ڕژێمە سیاسییەكان دەدات، سەبارەت بەوەی كە دوو ڕژێمی سیاسی دیموكراسی ئەستەمە سیاسەتی دەرەكییان دژایەتی كردنی بەرژەوەندییەكانی یەكتری بێت، یاخود سەرهەڵدانی جەنگی لێبكەوێتەوە لەنێوانیاندا. لێرەدا تیۆرەكە سەرسامە بە تێزەكانی تیۆری ئاشتی دیموكراسی لەمیانەی قۆتابخانەی لیبرالیزمدا. لەلایەكی دیكەوە، كرۆكی تیۆرەكە لەسەر دوو گریمانەی بنچینەیی دامەزراوە، پێگەی ڕێژەیی هێزی دەوڵەت لە سیستەمی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی سەركردەكان بۆ ژینگەی چواردەوریان. لێرەدا، جارێكی دیكە تیۆرەكە سنووری قوتابخانەی ڕیالیزم تێدەپەڕێنێت و دەچێتە نێو گریمانە تیۆرییەكانی قۆتابخانەی كۆنسترکتیڤیزم.

٢. ئەم مۆدێلە تیۆرییە توانای نییە چاودێری فاكتەرە سیستەمییەكان بكات. واتا لەسەر ئاستە سیستەمییەكە خاوەن دیدێكی تیۆری تایبەت بە خۆی نییە، بەڵكو شوێنكەوتەی شرۆڤە و شیكارییەكانی تیۆری ڕیالیزمی نوێیە لەگەڵ ئەوەی كە هۆكارێكی بنچینەیی لەسەرهەڵدانی ئەم تیۆرە ڕەخنەكردنی تێزەكانی ڕیالیزمی نوێی كێنێز ۆڵتزە. مەبەستەكە لێرەدا ئەوەیە كە مۆدێلی كلاسیكی نوێ گریمانە تیۆرییەكانی ڕیالیزمی نوێ بە لاواز دەبینێت لەشیكردنەوەی ڕووداو و دیاردەكانی ناو سیستەمی نێودەوڵەتی، لەكاتێكدا خودی تیۆرەكە كاتێك دێت و شرۆڤەی فاكتەرە سیستەمییەكان دەكات، هیچ زیادەیەكی بەرچاوی نەخستووەتە سەر هزرە سەرەكییەكانی تیۆری ڕیالیزمی نوێ.

## دەرئەنجام:

لەكۆتایی توێژینەوەكەدا توێژەران بەو دەرئەنجامە گەیشتوون كە قوتابخانەی ڕیالیزم خاوەن پاشخانێكی دەوڵەمەندە لەپێشكەشكردنی گریمانە و بنەمای فیكری و تیۆری بۆ شیكردنەوەی دیاردەكانی وەك جەنگ، ئاشتی و ململانێ نێودەوڵەتییەكان. توێژەران پێیان وایە كە سیاسەتی دەرەكی وەك بوارێكی گرنگی نێو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان ناكرێت بەتەنها لە ڕەهەندی دەرەكییەوە ببینرێت، هەروەك هەر هەوڵێكیش بدرێت بۆ شیكاری ئەم بوارە تەنها لەڕوانگەی فاكتەرە ناوخۆییەكانەوە ناڕاست دەبێت. لەلایەكی دیكەوە، لەم نێوەندەدا، بوونی سیستەمی نێودەوڵەتی بەهەموو تایبەتمەندیەكانییەوە وەك چەقێك وایە بۆ یەكە پێكهێنەرەكانی. لەم چەقەدا كاروكاردانەوەكان دەبینرێن، كارلێكە ئەرێنی و نەرێنییەكان دەبینرێن. هەموو یەكەیەكی ناو ئەم سیستەمە نێودەوڵەتییە، دەوڵەت بێت یا یەكەیەكی نا دەوڵەتی بێت، بەدوای بەدەستخستنی بەرژەوەندی و قازانجەوەن. دەوڵەتان لەسەر ئاستی ژینگەی دەرەكی لە كارلێكدان لەگەڵ یەكەكانی دیكەدا لەبواری جۆراجۆری سیاسی، ئابووری و بازرگانی یاخود سەربازی.

تیۆری ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ لەڕوانگەی ئەم توێژینەوەیەوە تیۆرێكی فرە ئاستی شیكارییە و لایەنە جیاوازەكانی گۆڕاوەكان بەهەند وەردەگرێت ئەمەش دەروازەیەكی باشە بۆ تێگەیشتنی باشتر لە سیاسەتی دەرەكی دەوڵەتان چونكە بەسوود بینین لەسێ ئاستی شیكاری جیاواز" ئاستی سیستەمی، ئاستی ناوەندی و ئاستی پاشكۆ" شیكردنەوە پێشكەش دەكات. ئەم سێ ئاستەشی بەشێوەی زنجیرەیی پێكەوە بەستووەتەوە، واتا تیۆرەكە شیكارییەكانی پشتئەستوورە بە لێكدانەوە و شیكردنەوە یەكبەدوایەكی كۆمەڵێك گۆڕاو. كاتێك كە توێژەر شیكاری سیاسەتی دەرەكی دەوڵەتێك دەكات، تەنها پشت بە بارودۆخی باوی سیستەمی نێودەوڵەتی نابەستێت بەوەی ئایا دەرفەتەكان و ئاستەنگەكان كاریگەری گەورە جێدەهێڵن لەسەر ڕەفتاری دەرەكی دەوڵەت، بەڵكو ڕۆڵی سیاسەتە ناوخۆییەكان نادیدە ناگرن و بەبایەخەوە لێی دەڕوانن. ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ جیاكاری لەنێوان ڕژێمە سیاسیە جیاوازەكاندا دەكات پەیوەست بەوەرگرتنی بڕیاری سیاسەتی دەرەكی، لەكاتێكدا مۆدێلەكانی تری وەك ڕیالیزمی كلاسیك و ڕیالیزمی نوێ گرنگی بەم پرسە نادەن. ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ پشتگیری لەو تێگەیشتنە دەكات كە دەڵێت سیستەمە سیاسیە دیموكراسیەكان لەپەیوەندییەكی بەهێزی فرە ئاستدان لەگەڵ یەكتریدا، تەنانەت ئەم جۆرە سیستەمانە ناچنە جەنگەوە لەگەڵ یەكدیدا، بەڵام بۆ ڕیالیزمی نوێ ئەم تێگەیشتنە ڕەتكراوەیە.

دواجار، دەڵێین ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بە زمانی كوردی بۆ پیشاندان، ڕوونكردنەوە و شیكردنەوەی گرنگترین بنەما و گریمانە فكرییەكانی مۆدێلە جیاوازەكانی تیۆری قوتابخانەی ڕیالیزم، بەتایبەتی مۆدێلی ڕیالیزمی كلاسیكی نوێ. لەم بارەیەوە توێژەران سوودیان لە سەرچاوە ڕەسەنەكان وەرگرتووە، لەڕێگەی میتۆدی بەراوردكاری و شیكاری ناوەڕۆكەوە كاریان لەسەر كردوون. لێرەوە گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی كە گریمانەی توێژینەوەكەمان دروستە و دەتوانین بڵێین لە شرۆڤەی سیاسەتی دەرەكی دەوڵەتدا گریمانەكانی ئەم تیۆرە بەراورد بە مۆدێلە سەرەكیەكانی دیكەی ڕیالیزم دەرئەنجامی خوازراو دەدات بە دەستەوە و هاوكارێكی باشە بۆ خوێندنەوەیەكی تێروتەسەل بۆ سیاسەتی دەرەكی دەوڵەت.

## لیستی سەرچاوەکان:

1. Alons, G. C. (2007). Predicting a State's Foreign Policy: State Preferences between Domestic and International Constraints. Foreign Policy Analysis, 3(3), 211–232. http://www.jstor.org/stable/24907232
2. Annette Freyberg-Inan, Ewan Harrison& Patrick James, (2009), Rethinking realism in international relations: between tradition and innovation, The Johns Hopkins University Press, US.
3. Bojang AS (2018), the Study of Foreign Policy in International Relations. J Pol Sci Pub Aff 6, doi:10.4172/2332-0761.1000337
4. Christian, W. & Ronald, I. (2009), Political Culture, Mass Beliefs, and Value Change in Democratization, (Oxford: Oxford University Press.
5. Doyle, M. W. (1983). Kant, Liberal Legacies, and Foreign Affairs. Philosophy & Public Affairs, 12(3), 205–235. http://www.jstor.org/stable/2265298
6. Dugis, V. (2008), Explaining Foreign Policy Change, Masyarakat, Kebudayaan dan Politik, Th. XXI. No. 2.
7. Dmitri Trenin, (2014), the Ukraine Crisis and the Resumption of Great Power Politics, Carnegie Moscow Centre.
8. de Mesquita, B. B. (1978). Systemic Polarization and the Occurrence and Duration of War. The Journal of Conflict Resolution, 22(2). http://www.jstor.org/stable/173799
9. Devlen, B.& Ozdamar, (2009), Neoclassical Realism and Foreign Policy Crisis, John Hopkins University Press, USA.
10. Evan Braden Montgomery. (2006). breaking out of the Security Dilemma: Realism, Reassurance, and the Problem of Uncertainty. International Security, 31(2). http://www.jstor.org/stable/4137519
11. Forde, S. (1995). International Realism and the Science of Politics: Thucydides, Machiavelli, and Neorealism. International Studies Quarterly, 39(2), 141-160. doi:10.2307/2600844
12. Hamilton, S. & Tiilikainen, T, (2018), Domestic Determinants of Foreign Policy in the European Union and the United States, FIIA.
13. John Baylis& Steve Smith, (2001), the Globalization of World Politics: An Introduction to International Relations, OXFORD University Press, second edition, New York.

14. James D. Fearon,(1998), Domestic Politics, Foreign Policy, and Theories of International Relations, Available at: https://www.annualreviews.org/doi/pdf/10.1146/annurev.polisci.1.1.289
15. Judith Goldstein& Robert O. Keohane, (2012), ideas and foreign policy: Belief, Institutions and Political Change, CORNEL UNIVERSITY PRESS.
16. Kokoshin, A, (2012), Reflections on the Cuban Missile Crisis in the Context of Strategic Stability, Belfer Center for Science and International Affairs.
17. Levy, J. S. (1988). Domestic Politics and War. The Journal of Interdisciplinary History, 18(4), https://doi.org/10.2307/204819
18. Lieshout, Robert H. (1995) Between Anarchy and Hierarchy: A Theory of International Politics and Foreign Policy, Edward Elgar Publishing. ISBN: 978 1 85898 196 3
19. Kitchen, Nicholas. 2010. "Systemic Pressures and Domestic Ideas: A Neoclassical Realist Model of Grand Strategy Formation." Review of International Studies 36 (1).
20. Meibauer, Gustav et al. (2020) FORUM: RETHINKING NEOCLASSICAL REALISM AT THEORY'S END. International Studies Review, pp. 268-295. DOI: 10.1093/isr/viaa018
21. Magdalena Kozub-Karkut,(2019), Neoclassical Realism and Foreign Policy Analysis – A Possible Way of Integration?. Available at: https://www.academia.edu/40401906/Neoclassical_Realism_and_Foreign_Policy_Analysis_A_Possible_Way_of_Integration_1
22. Moon, B. E. (1983). The Foreign Policy of the Dependent State. International Studies Quarterly, 27(3), https://doi.org/10.2307/2600686
23. Miyaoka, Isao. (2000). State-Society Relations under Foreign Pressure: Two Contrasting Cases in the Japanese Fisheries Policy Community. Japanstudien. 11. 135-161. 10.1080/09386491.2000.11826860.
24. Noulas, G. (2011), The Role of Parliamentary Diplomacy in Foreign Policy, available at: https://www.foreignpolicyjournal.com/2011/10/22/the-role-of-parliamentary-diplomacy-in-foreign-policy/
25. Owen, J. M. (1999). Back to Realistic Realism: Tripolarity and World War II [Review of Deadly Imbalances: Tripolarity and Hitler's Strategy of World Conquest, by R. L. Schweller]. International Studies Review, 1(1), 129–131.

http://www.jstor.org/stable/3186375

26. Rose, Gideon, (1998), “Neoclassical Realism and Theories of Foreign Policy.” World Politics, vol. 51, no. 1, http://www.jstor.org/stable/25054068.
27. Randall L. Schweller, (1998), Deadly Imbalances: Tripolarity and Hitler's Strategy of World Conquest, Columbia University Press, p. (16 -19).
28. Reiter, D. (1999). [Review of Deadly Imbalances: Tripolarity and Hitler’s Strategy of World Conquest, by R. L. Schweller]. The American Political Science Review, 93(1), https://doi.org/10.2307/2585822
29. Randall L. Schweller, (1998), Deadly Imbalances: Tripolarity and Hitler’s Strategy of World Conquest, Columbia University Press. pp. 77-81.
30. Richard Rosecrance and Arthur Stein, (1993), Beyond Realism: The Study of Grand Strategy, Ithaca, N.Y.: Cornell University Press.
31. Russett, B., Layne, C., Spiro, D., & Doyle, M. (1995). The Democratic Peace. <i>International Security, </i> <i>19</i>(4), 164-184. doi:10.2307/2539124
32. Ripsman, N. M., Taliaferro, J. W., & Lobell, S. E. (2016), Neoclassical realist theory of international Politics, Oxford University Press.
33. Robert Jervis, (2013), “Do Leaders Matter and How Would We Know?” Security Studies, vol. 22, no. 2.
34. Russett, B, (2009), “Democracy, War and Expansion through Historical Lenses,” European Journal of International Relations.
35. Smith, A, (1996), Diversionary Foreign Policy in Democratic Systems, International Studies Quarterly, (40).
36. Schweller, R. L. (1992). Domestic Structure and Preventive War: Are Democracies More Pacific? World Politics, 44(2), https://doi.org/10.2307/2010448
37. Sterling-Folker, J. (1997), Realist Environment, Liberal Process and Domestic-Level Variables, International Security.
38. Souva, M. (2005), Foreign Policy Determinants: Comparing Realist and Domestic-Political Models of Foreign Policy, Routledge. DOI: 10.1080/07388940590948574
39. Schweller, R, L. (2004) Unanswered Threats: A Neoclassical Realist Theory of Under balancing. International Security, 29(2).
40. Schweller, R. L. (1994). Bandwagoning for Profit: Bringing the Revisionist State

Back In. International Security, 19(1), https://doi.org/10.2307/2539149

41. Snyder, H, G. (2002) Mearsheimer's World-Offensive Realism and the Struggle for Security: A Review Essay, International Security.
42. Stephen McGlinchey, Rosie Walters& Christian Scheinpflug, (2017), International Relation Theories, Bristol, England, E-International Relations, .
43. Schafer, M., & Crichlow, S. (2002). The "Process-Outcome" Connection in Foreign Policy Decision Making: A Quantitative Study Building on Groupthink. International Studies Quarterly, 46(1). http://www.jstor.org/stable/3096118
44. Tim Dunne, milja kurki& steve smith, (2013), International Relations Theories, OXFORD University Press.
45. Tang, S. (2009), Taking Stock of Neoclassical Realism [Review of Neoclassical Realism, the State, and Foreign Policy, by S. E. Lobell, N. M. Ripsman, & J. W. Taliaferro]. International Studies Review, 11(4), http://www.jstor.org/stable/40389178
46. Thomas Knecht, M& Weatherford, S , (2006), Public Opinion and Foreign Policy: The Stages of Presidential Decision Making, International Studies Quarterly, Volume 50, Issue 3,705–727. doi.org/10.1111/j.1468-2478.2006.00421.x
47. Tudor Onea, (2012), Putting the 'Classical' in Neoclassical Realism: Neoclassical Realist Theories and US Expansion in the Post-Cold War, SAGE.
48. Waltz, Kenneth N, (1979), Theory of International Politics, New York: McGraw Hill.
49. Walt, Stephen, (2019), The Tragedy of Trump's Foreign Policy, Available at: https://foreignpolicy.com/2019/03/05/the-tragedy-of-trumps-foreign-policy/
50. Wi▯cławski, J. (2017). Neoclassical Realism and the Crisis of the Realist Paradigm in Contemporary International Relations.
51. Yoo, H. (2012). Domestic hurdles for driven-system behavior: Neoclassical realism and missile defense policies in Japan and South Korea. <i>International Relations of the Asia-Pacific,</i> <i>12</i>(2), 317-348. Retrieved August 31, 2021, from http://www.jstor.org/stable/26155955
52. Zakaria, F. (1997). The Rise of Illiberal Democracy. Foreign Affairs, 76(6). https://doi.org/10.2307/20048274
53. Yoo, H. (2012). Domestic hurdles for system-driven behavior: Neoclassical

realism and missile defense policies in Japan and South Korea. <i>International Relations of the Asia-Pacific. http://www.jstor.org/stable/26155955

54. Zakaria, F. (1998), From Wealth to Power, The unusual origins of America's world role, Princeton: Princeton University Press.

55. Zaara Hussain, (2011), The Effect of Domestic Politics on Foreign Policy Decision Making, available at: www.e-ir.info/2011/02/07/the-effect-of-domestic-politics-on-foreign-policy-decision-making/

٥٦. محمد السيد سليم، (١٩٩٨)،تحليل السياسة الخارجية، مكتبة النهضة، القاهرة.

٥٧. مثنى علي المهدواي، (٢٠٢٠)، السياسة الخاريجية، دراسة نظرية عامة، مركز النهرين للدراسات الاستراتيجية، العراق.

٥٨. مروة عبدالمنعم، (٢٠٢١)، الثقافة السياسية واالستقرار السياسى: دراسة حالة دولة اإلمارات العربية (٢٠٢٠- ٢٠٠٤)، مجلة كلية السياسة واالقتصاد، القاهرة، العدد (١١).

٥٩. تامر عبدالحميد محمد مرتضى، (٢٠١٦)، الرأى العام والسياسة الخارجية، متو فر على https://democraticac.de/?p=28190